زانكۆی سەڵاحەدین – هەولێر

Salahaddin university - Erbil

# پێكهاتە هونەرییەكانی گۆرانی كەلەپوری لە دەشتی كۆیە

## توێژینەوەیەكە پێشكەشی ئەنجومەنی بەشی موزیک، كۆلێژی هونەرەجوانەكانی زانكۆی سەلاحەددین كراوە،وەک بەشێک لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە بەشی موزیكدا.


ئامادەكراوە لەلایەن قوتابی

دەرباز جلال وسو

بەسەرپەرشتی

م. ئامانج غازی



٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ ز

٢٧٢٢-٢٧٢٣ كوردی

هەولێر

## واژۆی سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی کەلەپوری لە دەشتی کۆیە) لەژێر سەرپەرشتی من ئەنجامدراوە، کە بەشێکە لە پێداویستییەکانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە بەشی موزیکی زانکۆی سەلاحەددین، بۆیە لە خوارەوە واژۆم کردووە.

**سەرپەرشتیار**

م.ئامانج غازی شاکر

**پێشکەشە بە:**

- ڕۆحی ماندووی باوکم و قژە سپییەکانی دایکم
- ڕۆحی پاکی پاشای فلوت و شمشاڵ مامۆستا (سەرداری باب سەردار)
- خێزانەکەم و کچەکەم

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی هەموو ئەم کەسانە دەکەم، کە هاوکارم بوون لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

سوپاسی بێ پایانم بۆمامۆستا ئامانج غازی سەرپەرشیاری توێژینەوەکەم, کە زۆرهیلاک بوولەگەڵم٠

زۆرسوپاس بۆ هەموومامۆستایانی بەشی موزیک٠

زۆرسوپاس بۆ بەڕێزان د٠کەیفی ئەحمەد، د.هاوژین سلێوە.

زۆر سوپاس بۆ مامۆستا دەوەن مولود

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| واژوی سەرپەرشتیار | أ |
| پێشکەشە | ب |
| سوپاس و پێزانین | ت |
| ناوەرۆک | ث-ج |
| پوختەی توێژینەوە: | ح |
| پێشەکی | خ |
| بەشی یەکەم / چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە | |
| کێشەی توێژینەوە | ١ |
| ئامانجی توێژینەوە | ٢ |
| گرینگی توێژینەوە | ٣ |
| سنوری توێژینەوە | ٤ |
| گریمانەی توێژینەوە | ٥ |
| پێناسەی زاراوەکان: | ٦ |
| بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری | |
| توێژینەوەکانی پێشوو | ٩ |
| دەڤەری کۆیەلەدیرۆکی کۆن ونوێدا | ١٠ |
| پانتایی موزیک وگۆرانی لەشاری کۆیە | ١٣ |
| جوگرافیای هونەری دەشتی کۆیە | ١٧ |
| پێکهاتەی ڕیتم وئاوازلە گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە | ١٨ |
| تایبەتمەندی پێرفۆڕمانسی ئاوازو دەنگبێژانی گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە | ٢١ |
| ڕۆڵی شۆڕشەکانی بەرەنگاری کورد لەسەر ڕەوشی گۆرانی وموزیکی دەشتی کۆیە | ٢٤ |
| بەشی سێیەم / چوارچێوەی ڕێکاری توێژینەوە | |
| گرنگی کاری مەیدانی | ٢٨ |
| کۆمەڵگای توێژینەوە | ٢٩ |
| بونیاد و پێکهاتەی نموونەی گۆرانیەکان | ٣٠ |
| بەشی چوارەم | |
| ئەنجام | ٧٣ |
| دەرئەنجام | ٧٤ |

| | |
|---|---|
| پێشنیار | ٧٥ |
| ڕاسپاردە | ٧٦ |
| سەرچاوە | ٧٧ |
| پاشکۆ | ٧٩ |

## پوختەی توێژینەوەکە:

ئەم بابەتی توێژینەوەیەی ئامادەکراوە، بریتییە لە کۆکردنەوەی ئەو گۆرانییە کەلەپورییانەی دەشتی کۆیە، کە تاکو ئێستا بە شاراوەیی ماونەتەوە و نەکەوتونەتە سەرزمانی خەڵک و تێکەڵ بە موزیک نەکراون و لەلایان گروپە هونەرییەکانەوە کاری موزیکیان بۆ نەکراوە.

ئەو گۆرانیانە لەسەر زاری کەسە بەتەمەنەکان پشتا و پشت گوازراونەتەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە کۆکردنەوەی ئەو گۆرانیانەیە بۆ دەربازبوون لە لەناوچوون. بەهەوڵ و ماندووبوون و گەڕانی مەیدانی ئەو مێلۆدیانە کۆبکرێتەوە و بەشێوەیەکی زانستیانە بەنۆتە بکرێن و شیکردنەوەیەکی زانستیانەیان لە ڕووی ڕیتم و ئاواز و هۆنراوەکانیانەوە بۆ بکرێت.، هەروەها لە دوتوێی توێژینەوەیەکدا هەڵبگیرێن و ئەرشیفێکیتر بخرێتە سەر خەرمانی هونەری ڕەسەنی کوردی.

ئەم توێژینەوەیە لە چواربەش پێکدێت، کە باس لە گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە دەکات، لەژێر ناوی (پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی کەلەپوری لە دەشتی کۆیە). هەوڵدراوە هەموو کەسە بەتەمەنەکانی دەشتی کۆیە بدۆزرێنەوە، کە شارەزایی گۆرانی فۆلکلۆرییان هەیە و بەشێوەی مەیدانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامدراوە. ئەو گۆرانیانەی، کە کۆکراونەتەوە بەشێوەیەکی زانستیانە بەنۆتە کراون و لەچوارچێوەی ئەو چواربەشی توێژینەوەیە شیکارییان بۆ کراوە.

## پێشەکی

ئەوەی لای هەمووکەسێکی شارەزای هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی روون و ئاشکرایە، ئەو ڕاستیەیە، کەنەتەوەی کورد خاوەنی سامانێکی گرانبەهای لە بنەهاتوی هونەری ئاواز و گۆرانی رەسەنە و لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە لەناو دڵ و دەرون و ویژدانی گەلەکەیدا ڕەگی قووڵ داکوتاوە و وەک بەلگەیەکی مێژوویی و هونەری بووە بە تۆمارێکی ڕاستگۆیی ژیانی ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردەواری و خۆی وەک ئاوێنەیەکی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەلەکەمان نواندوەو، لە هەموو دەور و سەردەمێکدا ڕۆڵەکانی میللەت هەست و سۆز و نەست و ڕازی دڵ و دەرونی خۆیان لە ناودا دۆزیوەتەوەو بە بەش جودا نەکراوەتەوە بە کاری ڕۆژانەی خۆیان زانیوە.

ئەگەر ئێمە بە شێوەیەکی گشتی و بەتێکڕایی سەیری هونەری ئاوازو گۆرانی کوردی بکەین و لە لق و پۆپ و جۆرەکانی وردببینەوە، دەبینین هەموویان بە قەدو بنجی دارێکی گەورەو قایم بوون و سەرچاوەدا هەڵدەقوڵێن و بۆ ناو دەریاچەی هەست ونەستی مرۆڤی کورد هەڵدەڕژێن و بەرەو دەریای بیرو ئەندێشەی قوڵی ڕۆڵەکانی شۆڕدەبنەوە.
بەڵام لەگەڵ ئەو خاسیەتە گشتییەشیدا دەبینین ئەو هونەرە ناسک و جوانە لە هەر شوێن و مەڵبەندێکی کوردستانی بەریندا جۆرە مۆرک و چەشنە گورجی و خاویەکی پێوە دیارە، لەلای مەقامناسان و هونەرزاناندا بە ئاشکرایی لە یەکتری جیا دەکرێنەوە.

وەک بلێی (لاوک)لەناو کرمانجی ژوروداو(حەیران)لە هەرێمی سۆرانداو (هۆرە)لەناو جاف و مەقامی هەمەجۆرو بەستەش لەناو شارەکاندا گەشەیان کردووەو لە هەر شوێن و مەڵبەندەش مۆرکێکی تایبەتیان بەسەرەوەیە.
هەندێک مەڵبەندو شاری کوردستان، ناوچەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی هونەری ئاوازو گۆرانی کوردی بون. لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا (موکریان)و بەتایبەتی شارەکانی وەک مهابادو سەردەشت، سەرچاوەی سەرهەڵدان و لەدایکبوونی ئەو هونەرە جوان و ناسکە بوون و، شاری کۆیە قۆنا غی سەرەڕێ و ناوچەی ڕێکخستن و مشتومالکردنی ئەو ئاوازو گۆرانیانەو، شاری سلێمانیش مەڵبەندی گەشەکردن و بەرەو پێشەوەبردنیان بووە. (تایەرتۆفیق، گولی سەبەستی، بەشی یەکەم لاپەرە٧-٨ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری)
ئەوەی, کە لەم توێژینەوەیە باسکراوە(پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی کەلەپوری لە دەشتی کۆیە)

شیکردنەوەیان بە شێوەیەکی زانستی، هەروەها شیکردنەوەی جۆری مەقامەکەو ڕیتمەکانیان،هەروەها کاریگەری ئەو گۆرانیانە بەسەر هونەری شاری کۆیەو پیکهاتەی هونەری شاری کۆیە،وە کاریگەری شۆڕشەکانی کورد لەسەر هونەری دەشتی کۆیەو بە ئەرشیفکردنی ئەو گۆرانیانە لە دەڤەرەکە, کە تا ئێستا توێژینەوەی لەم جۆرە لەسەر گۆرانییە کەلەپورییەکانی دەشتی کۆیە ئەنجام نەدراوە.

## بەشی یەکەم

چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

- کێشەی توێژینەوەکە
- ئامانجی توێژینەوەکە
- گرنگی توێژینەوەکە
- سنوری توێژینەوەکە
- گریمانەی توێژینەوەکە
- پێناسەی زاراوەکان

## کێشەی توێژینەوەکە:

توێژەر لەبەر کۆمەڵێک هۆکار ئەو بابەتەی هەڵبژاردوە، لەوانە: نەبوونی هیچ سەرچاوەیەک لەسەر ئەم بابەتە، کە پێشتر هیچ توێژینەوەیەک بەم جۆرە ناونیشانە لە دەڤەرەکەدا نەکراوە. هەر بۆیەش توێژەر ئەم ناونیشانەی هەڵبژاردووە، تاوەکو لە داهاتوودا بتوانێت کۆمەڵێک ئەرشیفی گۆرانی کەلەپوری لەناوچەکەدا کۆبکاتەوە و ببێتە سەرچاوەیەک بۆ داهاتوو، بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت توێژینەوەی لەمجۆرە ئەنجام بدەن، هەروەها کۆنەکردنەوەو بەنۆتەنەکردنی ئەو گۆرانیانە پێشتر بە شێوەیەکی زانستی.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە (پێکهاتە هونەرییەکانی گۆرانی کەلەپوری لە دەشتی کۆیە). دواتریش کۆکردنەوە و بەئەرشیفکردن و بەنۆتەکردنی ئەم گۆرانییە کەلەپورییانەیە، هەروەها ڕزگارکردنیان لە لەناوچوون و شیکردنەوەیان بەشێوەیەکی زانستی، تاکو ببێتە ئەرشیفێکی کەلەپوری بۆ داهاتوو.

## گرنگی توێژینەوەکە:

١-گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە توێژەر سەرەتا زۆر بەوردی بەدوای ئەو سەرچاوە و توێژینەوە و بابەتانەی، کە لەسەر ئەم بابەتە نوسراون گەڕاوە، کە بەداخەوە هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی  لەم بوارەدا بەدەستنەکەوتووە.

٢- توێژەر پشت ئەستوور دەبێت بە گەڕانی مەیدانی زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکان، ئەمە خۆی لە خۆیدا گرنگییەکی زۆری هەیە، کە ڕاستەوخۆ ئەو بابەتە هونەرییانە لەزاری کەسەکانەوە ببیسترێت.

٣- بابەتێکی زۆر گرنگتر لە توێژینەوەکەدا هەیە، ئەویش کۆکردنەوە و بەنۆتەکردن و بەئەرشیفکردنی ئەم گۆرانییە کەلەپوریانەیە، کە لەدەڤەرەکەدا بوونیان هەیە. هەروەها دۆزینەوەی ئەو بەهرە هونەرییانە، کە لەلادێکان ژیان بەسەردەبەن.

## سنوری توێژینەوەکە:

سنوری کاتی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی (دەشتی کۆیە) لە نێوان ساڵانی( ١٩٥٠- ١٩٨٠)

سنوری شوێن، شوێنە گرنگەکانی دابەشبوونی نەخشەی گۆرانی کەلەپوری لە دەشتی کۆیە (گوندی مام قلینج، هەرمۆتە، شیلە، ئیلنجاغ، شێخەروان، حاجی قەڵا، مەرزان، بانەگوڵان)

سنوری بابەتی: جەختکردن لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی, کە توێژەر دەیەوێت لەمیانی توێژینەکەیدا پشتی پێ ببەستێت, بۆ ساخکردنەوەی گۆرانی کەلەپوری, دواتریش بتوانرێت بە شێوەیەکی ئاکادیمی کاری شیکاری و بە ئەرشیفکردن و کۆکردنەوە و نوسینەوەی بۆ بکرێت.

## گریمانەی توێژینەوەکە:

١-بوونی هونەرمەندانی بەسەلیقە لە دەشتی کۆیە، کارئاسانی بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەکات.

٢- بابەتەکانی یارمەتیدەر لە گەڕانی مەیدانی دەبنە هۆکار دەستەبەرکردنی (کات) و کۆکردنەوەی زۆرترین بابەتی گۆرانی کەلەپووری.

## پێناسەی زاراوەکان:

پێکهاتە: ئەگەر باس لە پێکهاتە بکرێت، ئەوا هەموو ئەو بەش و لایەنانە دەگرێتەوە، کە لەناو باسێک یان بابەتێکدا هەیە و پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە. (penws. Krd).

هونەر: لەڕاستیدا گەرەکمانە چەندین پێناسەی جۆرا و جۆری زانا و فەیلەسوف و بیرمەندان لەمەڕ هونەرەوە بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی وردە وردە بگەینە ڕاستی پەیامی هونەر.

ئەرستۆ دەڵێت: *( ئەوەی سروشت ناتوانێت تەواوی بکا،ت هونەر تەوا و کاملی دەکات).* (Rwangauraxna.com)

عەباس محمود ئەلکەند دەڵێت: لە هونەردا (*هونەر لە بنەچەی زماندایە و بریتییە لە خۆشنوسی و ڕەنگ لەوانەیە هونەر بەمانای ڕازاندنەوە و لق و شێوە و شتێتر بێت هەموو ئەو شتانەی، کە چەندین شێوە و وەسفی هەیە لەوەی کە لەچاودا دەبینرێت یان بە بیرۆکە هەستی پێدەکرێت ).* ( kurdishhdc. Org).

نیچە دەڵێت: (*هونەر تەواوترین کار و چالاکی میتافیزیکی گونجاوە بۆ ژیان*). *(هەمان سەرچاوەی پێشوو).*

ئەمانە و چەندین پێناسەیتر بۆ هونەر هەن، کەواتا پێناسەی (پێکهاتەی هونەری) بریتییە: لەو بابەتانەی، کە لەناو کارێکی موزیکی یان کارێکی هونەری گشتیدا هەیە. یان لەناو ئاواز و موزیکێکی گۆرانییەکدا هەن، بۆ نمونە لە گۆرانییەکدا ئاواز و ڕیتم و موزیک و دەقی شیعری هەن، کە بە هەمووان کارە هونەرییەکە پێکدەهێنن.

گۆرانی کەلەپوری: بەم جۆرە گۆرانییە دەڵێن: کە گۆرانی فۆلکلۆری ڕاستەقینەن, کە ئەم گۆرانییانە لەنێو لادێی و جوتیاران و ناوچە گوندنشینەکانی دوورەدەستی شار لەدایکدەبن و پێدەگەن. بەپێی پێناسەی گەورە موزسیانی هەنگاری (بیلا بارتوک) گۆرانی کەلەپوری بریتییە لەو گۆرانییەی, کە لەنێو کۆمەڵێکی زۆری خەڵکدا بوونی هەیە و بۆ ماوەیەکی زۆر لەنێوانیاندا دەمێنێتەوە. ئەم جۆرە گۆرانییە بریتییە لە شێوە فۆڕمێکی هونەری کۆمەڵایەتی, کە لەناواخنیدا هەڵگری خاسییەتەکانی کۆمەڵگای گوندنشینەکانە, لەگەڵ ئەوەش بیر و ڕای جیاواز لەسەر گۆرانی کەلەپوری هەیە, کە هەندێک پییان وایە خاوەنی ئەم گۆرانیانە دیارن, بەڵام لەبەر شێوازی ستایلی گۆرانییەکە ناوی کەلەپوری وەرگرتووە. واتا مەرج نییە, هەموو گۆرانییەکی کەلەپوری خاوەنەکەی دیارنەبێت.( ئەسعەد محمد علی، گۆرانی فۆلکلۆری، وەرگێڕ ئامانج غازی،٢٠١٠ ،ل، ١٣-١٤)

گۆرانی (بەستە) زاراوە و ئاوازێکی خاوەن رەزم و سەمائامێز و دڵبزوێن و شادی هێنە و پاشکۆی مەقامێکە و زادەی خودی ئەو مەقامەیە. (عوسمان شارباژێری، گۆرانی فۆلکلۆری، گۆڤاری پەیژە، ژ٤، ل٣٧، ٢٠١٢).

گۆرانی کەلەپوری: گۆرانییەکە لەنێو خەڵکی وڵاتێک یان ئایینێکەوە دروست دەبێ و گەشە دەکات، لە سیفەتە جیاکەرەوەکانیشی ئەوەیە, گۆرانییەکە دەما و دەم دەگوێزرێتەوە و تادێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت، دانەری ئەم جۆرە گۆرانییە دیارنییە و نانوسرێتەوە و تادێت لەناو نەوەکان دەمێنێتەوە. (نەورۆز حەسەن، موزیکی کوردی، گۆڤاری شاکار، ژ٢٣، ل١١٠، ٢٠٠٥).

دەشتی کۆیە: سنورێکی فراوانی هەیە و مێژوویەکی کۆنی هەیە, بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی, کە کراوە, سنوری دەشتی کۆیە زیاتر لە ١٣٤ گوندە, کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە شاری کۆیەیە, زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی, کە کراون ئەوە دەسەلمێنن, کە کۆیە سەرەتا لە گوندەکانەوە ژیاون و ئاوەدانی دەستی پێکردووە, دواتر شارەکە گوازراوەتەوە ئەو شوێنەی ئیستای کۆیە, بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیانەش بەڵگەی زۆر لەبەردەستە, بۆ نمونە مێژووی هەندێک لەم گوندانەی دەشتی کۆیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەزاران ساڵ, گوندی پێبازۆک یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی دەشتی کۆیە. لەپێش سێ هەزار ساڵ ئاوەدانی تێدابووە و بە ئاوەدانی ماوەتەوە, هەندێک سەرچاوەی تریش دیرۆکی ئەم گوندە دەگەڕیننەوە بۆ دەهەزار ساڵ پێش زایین، هەروەها بوونی چەند ئاسەوارێکی کۆن لە گوندەکانی دەشتی کۆیە و بوونی چەند گۆڕستانێکی کۆن ئەوە دەسەلمێنن, کە پێش دروستبوونی کۆیە ژیان لە گوندەکانی دەشتی کۆیە هەبووە و چەند قەڵایەکی لێیە, کە هەندێک لەو ئاسەوارانە بە شوێنەواری گۆتییەکان ناسراوە, قەڵایەکان دەکەونە ئەو گوندانە ( شیلە، جلبەسەر، قازبەگی, کڵێسە، ساتوقەڵا، گۆپتەپە، سکتان، قەیسەری). بوونی چەندین گۆڕستان لەم گوندانە, کە زۆر کۆنە (ئیلنجاغ، مەرزان، مام قلینج، شێخەروان...هتد . (kurdipedia is using cookios. Or)

## بەشی دووەم

- چوارچێوەی تیۆری
- توێژینەوەکانی پێشوو
- دەڤەری کۆیە لە دیرۆکی کۆن و نوێدا
- پانتایی موزیک و گۆرانی لە شاری کۆیە
- جوگرافیای هونەریی دەشتی کۆیە
- پێکهاتەی ڕیتم و ئاواز لە گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە
- تایبەتمەندیی پێرفۆڕمانسی ئاواز و دەنگبێژانی گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە
- ڕۆڵی شۆڕشەکانی بەرەنگاری کورد لەسەر ڕەوشی گۆرانی و موزیکی دەشتی کۆیە

## توێژینەوەکانی پێشوو

لە ئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم باسە, بۆ دەستکەوتنی سەرچاوە، توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی, کە هیچ توێژینەوەیەکی لەم جۆرە لە دەڤەری کۆیە نەکراوە، بۆیە توێژەر زیاتر پشتی بە گەرانی مەیدانی بەستووە.

## دەڤەری کۆیە لە دیرۆکی کۆن و نوێدا

کۆیە باخێکە پڕ لە گوڵ و بولبول و خۆشخوان، ئاسمانێکە بە ئەستێرەی پڕشنگدار و پرچی ئایشێ و فاتمان دەدرەوشێتەوە ، لوتکە و هەلەموندێکە پڕ لە هێلانەی هەڵۆ و شاباز، مێرگ و هارمونێکە پڕ لە سونبول و گوڵە حاجیلە و نازناز، تاڤگەیەکی بەخورە، کانیاوێکە، پڕ لە مرواری و لوئلوئی لالە، خاک و دایکێکە ئاو و هەوایەکی هەیە, رۆڵەی ڕەسەن بەرهەم دێنێ، پێشەنگ و پێشڕەوی کاروانی زۆر بوارە, بەڵگەدارە و مێژووی دیارە، گۆڕەپانی شۆڕەسوارانە، پێگە و مەکۆی سیاسەتمەدارانە، تەوافگەی نازدار و تەوارانە، ئاگردانێکی پڕ لە گڕ و پشکۆیە ژیلەمۆیە, بۆیە گەش و ڕوناکە کۆیە، دامێنی چیای خەرمانی گوڵ و خێوەتی خارایە، کۆیە لێی دەوەشێتەوە شتی جوانی لە بارایە. (.گۆڤاری کەکۆن(١٨)تشرینی دووەم ٢٠١١ بەشێک لەوتاری (رەهبەر سەید برایم)لە فێستیڤاڵی تایەرتۆفیق لە ٢٠١١/١٠/٢٠ لە هۆڵی زانکۆی کۆیە ل٢)

کۆیە شارێکی مێژوویی کوردە، لە کۆنەوە ناوچەیەکی بازرگانی و رۆشنبیری زیندوو بووەو هەردەم کاروان سەراو قۆناغی سەرەرێی کاروانی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران بووە. بازارەکەیشی هەمیشە پێشەنگای بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییە ناوخۆییەکانی خۆی بووە، پێویستییەکانی دانیشتوانی ناوخۆیی و دەوروپشتی و دەرامەتی بازرگانەکانی ناوەوەو دەرەوەی دابینکردووە.

لە نزیک و لە دورەوە، زاناو شاعیر و گۆرانیبێژە هەڵکەوتوەکانی کورد ڕوویان تێکردوەو ، کردویانە بە مەیدانی جموجۆڵی چالاکییەکانی خۆیان و، زانیاری و هونەری شیعر و گۆرانییان تێدا بڵاوکردۆتەوەو، لە هەمان کاتیشدا زانست و هونەری تازەیشی لێوە فێربوون ٠ (مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی رەسەنایەتیدا. شارەزا ل٩).

بەم جۆرە تا بووە بە شارێکی بازرگانی زیندوو، بە ناوچەیەکی زانست و هونەری شیعر و ئاواز و گۆرانی کوردی بەناوبانگ، بەتایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، لەو کاتەی, کە گەلێک زانای بلیمەت و شاعیر و هونەرمەندی هەڵکەوتوو و، کاربەستی زانست و هونەرپەروەری وەکو (حاجی بەکراغای)و (ئەميناغای ئەختەر)ی شاعیری هونەرمەندی کوڕە گەورەی سەریان هەڵداوەو، کە بەدرێژایی تەمەنیان کۆر و دانیشتنەکانی نێودیوەخانەکەیان هەردەم گۆشەی ئەدەب و هونەری رەسەنی کوردی بون.

کۆیە مێژووی ناوچەکەی لەخۆگرتووە، ناسنامەیەکی کولتوری تایبەتی خۆی هەیە، ناسنامەیەک، کە پەیوەستە بە ڕەوشی جوگرافی و پاشخانی مێژوویی شارەکەوە. ڕەنگدانەوەی ئاستی پێشکەوتنی ئەو بارستە شارستانیانەیە، کە لە ناوچەکەدا لە ماوەی درێژی مێژووییدا دەرکەوتوون. بۆیە تێگەیشتن لە پێگەی کۆیە، هاوکارمان دەبێ لە تێگەیشتنی باشتری مێژووی ناوچەکە بە گشتی. بەتایبەتیش پرکردنەوەی بۆشاییەکانی نێو ئەو مێژووە و ڕووناککردنەوەی هەندێک لە تارییەکانی نێویدا. لەو کاتەوەی شارەکە

دەرکەوتوە، لەگەڵ خۆیدا کەسێتی دانیشتوانەکەی، بەهاکانیان و نەریتەکانیانی ڕەنگرێژ کردووە. شارەکەش لەنێو نەریتی ڕابردووی خۆیدا نیشتەجێ بووە. هێشتا وردە کلتورەکانی، کاریگەریان بەسەر پەیوەندییە *کۆمەڵایەتییەکان، خەیاڵدانی کۆمەڵایەتی، چۆنیەتی خۆوێناکردنی کۆییانەدا هەیە . لەو کاتەدا شار* بەسەر دەرەوەی خۆیدا کراوە بوە و ئەوانیتر وەک سەنتەرێکی کلتوری بینیویانەو کۆیی بوون. (لەشکری ،ل١٧).

کۆیە لە کۆنەوە شاری زانست و ئەدەب و هونەری ئاوازی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بووە. ئەم شارە شوێنگەی پێگەیاندنی سەدان ڕووناکبیر و ئەدیبە, کە هەندێکیان ناوبانگیان دەرکرد و بونەتە شانازیەک بۆ ئەم شارە و کاریگەریان هەموو سنورە دەستکتردەکانی بڕیوە، هەر بۆ نمونە(خضر کوڕی عومەر کویسنجقلی),کە خاوەنی پەرتوکی(الازکار الامام النواوی)یە، لە ساڵی ١٣٧٤ز واتا پێش زیاتر لە ٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر, باسی لە هونەری مۆسیقا کردووە, کە هەموو دەزانن, مۆسیقا لە ژینگەیەک دێتە بەرهەم, کە گەورە بێت و لەڕووی زانستی و داراییەوە گەشەدار بێت، چونکە جێگەی بچووک و هەژار و نەخوێندەوار هەرگیز نابێتە بێشکەی هونەر و مۆسیقا، ئەمەش بەڵگەی گەورەیی و بوونی شارستانیەتە لەم شارەدا. (کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی،سیاسی، کۆمەڵایەتیە .ل١٣٤.جەمال فتح الله تەیب.٢٠٠٦). دەڤەری کۆیە لە ڕابردوو، بەهۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زۆری مزگەوت و تەکیە و سوختەخانەی لێبووە، بەراورد بە شوێنەکانی تری کوردستان، بۆیە خوێندەواری و ڕۆشنبیریەکی باشی بەخۆوە دیوە، لەو زەمانی کە خوێندەواری لە هەموو کوردستان کەمبوو یاخود هەر نەبوو. جا ئەوە کاریگەری هەبووە و درێژبۆتەوە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆشمان. لە سەردەمی ئەمڕۆکەدا بەدەیان قوتابخانە و هەتا زانکۆ و  پەیمانگەی جۆراو جۆری لێهاتۆتە بوون. (چاوپێکەوتن لەگەل هونەرمەند زاهیر محمەد ٢٠٢٢/١٢/٢٧).

هەر کەسێک چاودێری مێژووی دووسەد ساڵەی دوایی کۆیە بکات، خۆی لەبەر دەم کۆمەڵێک گۆڕان دەبینێتەوە، کە ئاراستەی دەرکەوتنی مێژووییانەی شارەکەیان کردووە، بە نمونە پەرینەوەی شارەکە لە سەنتەرەوە بۆ کەنار. وەک دەزانین,  کۆیە لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، سەنتەرێکی سیاسی-کارگێڕی گرنگ بووە، کە هەندێک لە گەورە شارەکانی ئەمڕۆ، سەر بە ئەو بوون. سەنتەرێک ، کە ئابوریەکی پتەوی لە پشتەوە بووە، سیستەمی باوی ئابوری ئەو کاتی لەسەر بونیاد نرابوو، ئەویش کشتوکاڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانی بوو و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە گرنگی پێدراوە. هەروەها ئەلقەی پێکبەستنی چیانشین و دەشتنشینان بوو. بەڵام گۆڕانکارییە سیاسی و کارگێڕی و دیمۆگرافییەکانی دواتر، لە ناوەراستی سەدەی بیست بە دواوە، ئەم سەنتەرگیریەی نەهێشت. شاری دی گەشەیان سەند، بوونە سەنتەری ئابووری، ڕۆشنبیری،سیاسی. بەتایبەت هەولێر و سلێمانی. وراتی کۆیە چیتر سەنتەر نەما، بووە کەنار. ئیدی مێشکە ڕۆشنبیرییەکانی کۆچیان کرد، سەرمایەدارەکانی پرۆژەو سەرمایەکانیان بردە ئەو بنکە نوێیانە، سیاسەتمەدارەکانی چالاکیان بۆئەوێ گواستەوە. لەوێ تایبەتمەندی تریان وەرگرت. ئیدی ئەوەی بە کۆیەیان دەبەستێتەوە هەستێکی نوستالیژیانەو هیچی ترنا. ئەمەیە ئەو گۆرانکاریانەی، کە دەخوازین لێکۆڵینەوەی وردی لە بارەوە بکرێ، تا بتوانین باشتر لە چۆنیەتی دروستبوون و پوکانەوە بکەین، لە ڕۆلی شارستانیانەی شاربگەین و کۆیە نمونەی کارەکەمان بێت. (لەشکری هەمان لاپەڕە).

ئەم شارە دێرینە هەنگاوی جۆراوجۆری گرنگی لە بواری هونەرە جوانەکان ناوەو پەیدابونی ئامێرەکانی ئاواز و گۆرانی لە جەرگەی کۆمەڵگای خوێندەواری گەورە و پێشکەوتوو سەر هەڵدەدا. دوا بەدوای ئەوەش دانیشتنە ئەدەبییەکانی سەردەمی حاجی بەکر ئاغای حەوێزی (قاصید)١٧٨٥-١٨٥٣ز ئاهەنگسازی دەوری ئەمین ئاغای حەوێزی(ئەختەر)١٨٣٩-١٨٨٨ز تەنانەت وایان لە مەلایەکی ناوداری وەک حاجی مەلا عەبدوڵای جەلیزادە کرد, کە ببێتە پێشەوایەک لە هونەری مەقامناسیدا. بەگوێرەی وتەکانی مامۆستا مەسعود محەمەد بۆمان دەردەکەوێت, کە باوکی و باپیریشی و ئەمین ئاغا لە مەقام ناسیدا میراتێکی یەکجار کۆنی کۆیەیان بۆ ماوەتەوە، لەمەوە تێدەگەین, کە مەقام لە کۆیەدا پیشەیەکی ڕەگداکوتا و بووە، لەوەشدا هیچ جیاوازی ئایینی لەم مەیدانەدا بەدی نەکراوە و لە سەدەکانی سێزدەو پێشتریش کۆیە مەڵبەندی هونەرێکی پێشکەوتوو بووە بە دەیان گۆرانیبێژی بە تواناو بەهرەداری مەقام زانی لێهەڵکەوتووە. هونەری کوردی لەم شارە زیندووەدا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی شاعیر و مەقامناس و هونەرمەندی کورد(ئەمین ئاغای-ئەختەر)بوژاوەتەوە، کەرەستەیەکی نوێی زەوقی هونەری خرایە پاڵ, ئەویش مۆسیقا بوو، لە دیوەخانەکانی ئەو و باوکیەوە بۆی مابووەوە، ئەوانیش وەک باب و باپیرانیان شاعیر و هونەرپەروەر بوون، بەتایبەتی دیوەخانەکەی ئەختەر هەمیشە جۆش دراوە بە گاڵتەوگەپ و گۆرانی و مۆسیقا. ئەم هونەرمەندە مەزن و هێژایە چەندەها شیعری کردووە بە گۆرانی. (مەسعود محەمەد. کتێبی(حاجی قادری کۆیی)، بەشی یەکەم،چاپی دووەم،٢٠١٠ دەزگای ئاراس،ل١٤٦).

ئەگەر بمانەوێ باس لە دیرۆکی موزیک و گۆرانی کۆن و نوێ لە دەشتی کۆیە بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئامێرانەی, کە لە کاتی شوانکارەیی یاخود شایی و هەڵپەڕکێ بەکارهاتوون ، بۆ نمونە شوانەکان بلوێر یان شمشاڵیان بەکاردەهێنا, بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان, کە ڕۆژانە لە دەشت و کەژوکێوەکان فویان تێدەکرد و دەنگێکی خۆش لە بلوێرەکانیان دەردەچوو، ئەو ئامێرانەش هەر شوانەکان خۆیان دروستیان دەکرد، هەر ئەو ئامێرانەش لەکاتی گواستنەوەی بووک بۆشایی و هەڵپەڕکێ لە گوندەکان بەکاردەهاتن.(چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند محەمەد سەلاح ٢٠٢٣/١/٢).

## پانتایی موزیک و گۆرانی له شاری کۆیه

کۆیه بەپێی شوێنی جوگرافی و بازرگانی کە هەیبووە, لە کۆنەوە مەیدانی سەرهەڵدانی هونەر بووە، بەتایبەت هونەری شیعر و گۆرانی. سەردەمانێکی کۆن, کۆیە کاروانسەرا بووە، بازرگانی ئاوریشم ڕەواجی هەبووە، ئەویش لە ( هیندوستان و پاکستان و چین ), ئەوە بە کوردستان گەیوە و بە شاری کۆیەدا ڕەتبووە، ئینجا لەو کاتانەدا, کە هاتووچۆ بە سواری وڵاخ بووە و کۆیە کاروانسەراو سەرەڕێ بووە. لە خانەکانیدا شەوانە ئەو خەڵکانە ماونەتەوە و شەوی درێژی ئەوسای بێکارەبا و هۆیەکانی ڕابواردن، دەستیان لەبناگوێیان داناوە و مەقام و هەمەجۆر شتیان گوتووە، خەڵکی کۆیە لەو گوتنانەیان سوودیان دیوە و دەنگخۆشە میوانەکانیش لە دەنگخۆش و مەقامزانانی کۆیە سوودمەند بوونە، دیارترین قۆناغی پێشکەوتنی بزافی هونەری شیعر و گۆرانی لە کۆیە, لە سەردەمی حاجی بەکراغای حەوێزی ( قاسید ) ١٧٨٥- ١٨٥٣ ، و ئەمین ئاغای حەوێزی ( ئەختەر ) ١٨٣٩-١٨٨٨ بووە . (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە، وریا ئەحمەد ٢٠٢٠ ل١٨،١٩)

جووڵانەوەی هونەری کوردی لەو شارە زیندوودا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردو لەسەر دەستی شاعیر و ومەقامناس و هونەرمەندی کورد (ئەمین ئاغا، ئەختەر ) بووژاوەتەوە، کەرستەیەکی نوێی زەوقی هونەری خرایە پاڵ، ئەویش مۆسیقا بوو، ئەو هونەرمەندە هێژایە چەندەها شیعری کردووە بە گۆرانی.(چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند سەلاح محەمەد ٢٠٢٣/١/٢)

هەر لەو سەردەمەدا چەندەها گۆرانیبێژی بلیمەت دەرکەوتن و بزافی هونەری گۆرانیان بەرەوپێش برد، وەکو مەڕبێنی قەشە شابیل و نەشئەتی ڕەشید ئاغا و هیتریش. ئەمین ئاغا خۆیشی شارەزایی لە مەقامات هەبووە و زۆر ئاوازی بۆ شیعرەکانی خۆی داناوە و هەموو شەو دیوەخانەکەی جمەی هاتووە و لە شارەکانی سنە و سابلاغ و سلێمانی هاتونەتە کۆیە و لە دیوەخانەکەی ئەودا تا بەیانی مەقام و گۆرانیان گوتووە، دوای ئەوانەش نەوەی نوێتر هاتنە پێشەوە، وەک (مەلا ئەسعەد ١٨٩٠-١٩٥٨)و (سێوە ١٨٨٤-١٩٦٤)و (ئەحمەدی حەمە مەلا ١٩١٣-١٩٦٩)و (تایەر تۆفیق ١٩٢٢-١٩٨٧)و دوای ئەمانەش (باقی حەلاق)و (حەمەدەمینی عەباس)و (مەلا ئەحمەدە کۆرە.(کۆیە لە ڕەوتی شارستانیدا کەریم شارەزا ل٤٨،٤٩).

. تاهاتنی مامۆستا باکوری بۆ شاری کۆیە، وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە ناوەندی کوڕانی کۆیە ساڵی ١٩٥٧. هیچ تیپێکی موزیک لە شارەکەدا بوونی نەبووە، بۆیە ماموستا باکوری وەک شارەزایەکی بەتوانای موزیک و گۆرانی بیری لە پێکهێنانی تیپێکی هونەری موزیک و گۆرانی کردۆتوە و لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆری داوە و هەندێک قوتابی بەتوانای وەک مامۆستا

سەردار، کە لە منالّییەوە شمشالّی ئاسنی ژەنیوە، مامۆستا زاهیر محەمەد و جان تۆماس و نەشئەت حەمید. شایانی باسە مامۆستا شەفیق سابیر، کە بەڕێوبەری قوتابخانەکە بووە، زۆر هانی مامۆستا باکووری داوە، هەندێک ئامێری موزیکی لە پەروەردەی هەولێر بۆ دابینکردووە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند وریا ئەحمەد ۲۰۲۲/۱۲/۱۲)

ئەمەش بووە سەرەتای دامەزراندی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، کە گەلێ کار و چالاکی هونەرییان لەناو شاری کۆیە و دەوروبەری ئەنجامدا. ساڵی ۱۹۵۸ ساڵێکی پڕ لە چالاکی هونەری و ئاهەنگ و بۆنەی نیشتیمانی خۆش بوو، مانگ نەبوو، بەلای کەم دوو سێ ئاهەنگ بەشداری نەکردایە، دوای ئەوە ناوبانگی سنووری شارەکەی بەزاندو، لە شارەکانی دیکەش لە هەولێر و سلێمانی و ڕانیە داوەت دەکرا، بۆ ئەوەی ئاهەنگەکانیان برازێنێتەوە. (باکوری ،۲۰۰۸ ،ل۹،۱۰).

دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز ۱۹۵۸ لە کۆیە ئاهەنگی گۆرانی و شانۆ زۆر دەکرا و گۆرانیبێژی وەک عەدنان جەمال و سەلاح محەمەد و ماریای خوشکی باکوریی و یوسفی برای گۆرانیان دەگوت. لە ساڵی ۱۹٦۱ کۆمەڵەی بووژانەوەی هونەرەجوانەکان لە کۆیە دامەزرا، کە ساڵی یەکەم مامۆستا باکوری سەرۆک بوو، ساڵی دواتریش مامۆستا کەریم شارەزا بووە سەرۆک و مامۆستا باکوریش بوو بە سکرتێر، لە شاری کۆیە، کۆمەڵێک چالاکی هونەرییان لە کۆیە ئەنجامدا، وەک ئاهەنگی گۆرانی و شانۆگەری. دوای ڕێکەوتنی یانزەی ئاداری ۱۹۷۰چالاکییەکانی تیپی باواجی زیادیان کرد و بەرهەمی نوێیان لە بەغداو کەرکوک تۆمارکرد، لە فیستیڤاڵی گۆرانی کوردی لە بەغدا ساڵی ۱۹۷٤ تیپی مۆسیقای سلێمانی بە ئیمتیاز و تیپی باواجی کۆیەش بە یەکەم دەرچوو، دواتریش ئەو تیپە بە بەردەوامی لە هەوڵی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی خۆیدا بووە، هەرچەندە پشتیوانییەکی ئەوتۆی لێنەکراوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند وریا ئەحمەد ۲۰۲۲/۱۲/۱۲)

هەندێک لەو شمشاڵژەنانەی باسمانکردن، زۆر لێهاتوو بون، وەک (حەسەنە گۆج)، دوای ژەنینی بلوێر و شمشاڵ و زوڕنا هاتە ناوەوە، کە لە کاتی ئاهەنگی بووکگواستنەوە بۆ شایی و هەڵپەڕکێ لەگەڵ دەهۆڵ دەیان ژەنی، واتا دەهۆڵ و زوڕنا، کەسانی زۆر بەتوانا لە ژەنینی ئامێری زوڕنا هەبوون، لەوانە عەزیز زەینەلی ڕەحمەتی، کە دەکاتە باوکی هونەرمەند جەلال عەزیز، هەروەها جەمالی کوڕی. دوای ئەوان حەسەن و مامەند، کە ئەوانیش برابون، زۆر بەتوانا بوون، کە لەبنەڕەتدا خەڵکی لادێ بوون، بەڵام دوایی هاتن بۆ کۆیە و لەوێ نیشتەجێبوون. ئەو ئامێرژەنانەی باسمان

کردن زۆر بە توانا بوەن لەگەڵ دەهۆڵ ژەنەکە، کاتێک دەیانژەنی هیچ گەنجێک خۆی بۆ نەدەگیرا نەچێتە ناو شایی و هەڵپەڕکێ نەکات. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند سەلاح محەمەد ٢٠٢٣/١/٢).

موزیک و هونەر لە شاری کۆیە پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە و, بووە بە کوردستانی، شاری کۆیە لە دێر زەمانەوە هونەرمەندی گەورەی لێ هەڵکەوتووە، دیوەخانی ئەختەر وەکو پەیمانگەیەکی هونەری بووە، کە گۆرانیان لێ چڕیوە و گۆرانی بێژانی تری کوردستان لەوێ هونەرەکەیان ناساندووە و پێشیان خستووە، گۆرانیبێژانی وەکو(حەنیلەخرە، سێوە، مەلا ئەسعەد، تایەر تۆفیق، حەمەدەمین عەباس،باقی حەللاق، عەبدوللە ئیسماعیل)و زۆر لە هونەرمەندانی تر پەیدابوون. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند جلال عەزیز٢٠٢٣/١/٣).

کۆیە شارێکە لەڕووی مێژوویی و کلتوری و هونەرییەوە دەوڵەمەندە، مێژووی هونەری ئەم شارە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە, کە کاروانسەرای بازرگانی بوو, لە نێوان شام و بەغدا و تاران، بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر ڕووی تێکردووە، بۆیە جۆراو جۆری لە هونەرەکەی پەیدابووە. خەلکی کۆیە هونەری شوێنانی تریان وەرگرتووە، بە پێچەوانەشەوە ئەو خەڵکانەی ڕوشیان تێکردووە, هونەری شاری کۆیەیان وەرگرتووە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند پۆلا ئیسماعیل٢٠٢٣/١/٢).

لەبەر ئەوەی  کۆیە کەشوهەوایەکی لەبار و ژینگەیەکی خۆشی هەبوو, خەڵکەکەی ڕوویان دەکردە شوێنە کانی دوروبەری کۆیە، گەنجەکان کۆدەبونەوە و دەیانکرد بە گۆرانی و مەقام گوتن، کە چەندین دەنگخۆش و مەقامبێژی بەتوانا لەو سەردەمەدا هەبوون، کە شارەزاییەکی باشیان لە مەقام و گۆرانی گوتن هەبوو، ئەوەی باسی دەکەین لە ساڵی پەنجاکانە، پێش ئەوەی موزیک بێتە شاری کۆیە، دتوانین بڵێین, هونەر لەو سەردەمە بریتیبوو لەو دانیشتن  و کۆبونەوانە، تاکو ساڵی پەنجا و حەوت, کە مامۆستا باکوری هاتە شاری کۆیە و گروپی مۆسیقای دامەزراندو، دواتر تیپی مۆسیقای باواجی دامەزراند و قۆناغێکی تری هونەری لە شاری کۆیە دەستی پێکرد.(چاوپێکەوتن لەگەل هونەرمەند هۆشمەند زاهیر٢٠٢٣/١/٣).

لە ساڵانی پەنجاکان چەندین گۆرانیبێژ و دەنگبێژی بەتوانا لە کۆیە هەبوون، کە گۆرانیان لە کۆڕو دانیشتنەکان و چایەخانەکان دەگوت، هەروەها لە ڕەمەزانان سینی و زولفانێ و چەند یاریەکیتر دەکران، کە بە ئاهەنگ و گۆرانی و چەپڵە ئەو شەوانەیان بەسەردەبرد،  بۆنەی ئایینی مەولود خوێندنەوە لە کۆیە  زۆر زۆر باو بوو، خەلکێکی زۆر مەولودیان دەخوێندەوە،  بەشێک لە مەولود خوێندنەوەکە بۆ گوتنی مەقام  و گۆرانی تەرخاندەکرا ، وەک کلتورێکی لێهاتبوو، کە لە کۆتایی مەولود خوێندنەوەکە، دەبوو بە گۆرانی گوتن و وەک بەشێک لە ئاهەنگی لێ دەهات، جا ئەو کاتی

سەربانی ماڵەکان شورەو ستارەی نەبوو، لەسەر بانەکان  مەولود دەخوێندرایەوە، جا کە ماڵێک مەولودی دەخوێندەوە، ماڵەکانی تریش  دەهاتنە سەربان و هەموو سەیری مەولودەکەیان دەکرد (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند وریا قادر٢٠٢٣/١/٢).

## جوگرافیای هونەری دەشتی کۆیە

ئەگەر بێت و باسی جوگرافیای هونەری دەشتی کۆیە بکەین، ئەوا ناوچەیەکی زۆر فراوان لەخۆدەگرێت، کەنزیکەی زیاتر لە ١٣٤ گوند دەبێت (ماڵپەڕی ویکیپیدیا.)

هەر یەک لەم گوندانەش, ئەگەر بەدواداچون و توێژینەوەیان لەسەر بکرێت، ئەوا خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن و ڕەنگە کۆمەڵێک بەهرەمەند و مەقامبێژ و گۆرانیبێژی بەتوانایان تێدابێت، کە تا ئێستا ئەو بەهرە و دەنگانە بە شاراوەیی ماونەتەوە.

هەروەها لە بواری شانۆو دراماش، بەهرەمەند و شانۆکاری باشیان تێدا هەڵکەوتووە، بەجۆرێک کە لەم گوندانە گروپی شانۆ و گۆرانی تایبەت بەخۆیان هەبووە و لە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتەکان ئاهەنگی گۆرانی و نمایشی شانۆییان ئەنجامداوە.

د.کەیفی ئەحمەد لە کتێبەکەی بە ناوی (شانۆ و دراما لە وراتی کۆیە)باس لە مێژووی هونەری چەند گوندێک دەکات، کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان گروپی گۆرانی و گروپی شانۆیی تایبەت بەخۆیان هەبووە و ئاهەنگی گۆرانیان گێڕاوە و شانۆییان پێشکەش کردووە، مێژووی هونەری ئەو گوندانەی باسیان دەکات بریتین لە گوندی (ئیلنجاغ، مامقلینج، قزلۆو، هەرمۆتە، بۆگد، کانیبی),کە ئەو گوندانە سنورێکی فراوانیان لە دەشتی کۆیە پێکهێناوە.

لەکاتی وتووێژی نێوان شۆڕش و حکومەتی ناوەند لە ساڵی ١٩٨٤، بەبۆنەی ساڵڕۆژی شەهید بوونی(شەهید بێکەس)دا ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا و شیعر خوێندنەوە و نمایشی شانۆیی سازکرا، کە تیایدا دوو نمایشی شانۆیی پێشکەش کران. چەندین گۆرانی و مەقام و موزیک و شیعرو پەخشان پێشکەش کران . (کەیفی، ٢٠٢١ ،ل١٦١ ،١٦٢).

لەڕووی جوگرافیای هونەری دەشتی کۆیە و وراتی کۆیە، لەڕاستیدا لە کۆندا ئەوەی هەبووە هەر هونەری فۆلکلۆر بووە، دەماودەم هەندێکی گوازراوەتەوە و ماوەتەوە، زۆربەشی لەناو چووە و فەوتاوە، بەهۆی نالەباری ڕەوشی کۆمەڵایەتی و هەڵبەزودابەزی تایبەتی ڕامیاری، بەڵام ئەمڕۆ ماوەی نزیکی نیو سەدەیە جوڵەیەکی باشی بەگوڕ و هیوادار لە کۆیە و دەورووپشتی هەیە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند زاهیر محەمەد ٢٠٢٢/١٢/٢٧).

جوگرافیای هونەری دەشتی کۆیە فراوانە، لە زنجیرە چیاکانی هەیبەتسوڵتان دەست پێ دەکات تا دەگاتە کۆتایی چیای کەلکە سماق و گوندی کلێسە، دواتر دەمزێ و دەمزێ درێژ دەبێتەوە بۆ لای ناحیەی تەق تەق، دواتر جادە و جادە بۆ لای کۆیە دێتەوە، واتا شێوەی سێگۆشەیی وەرگرتووە، لەو نێوەندەدا هونەری دەشتی کۆیە دەستی پێکردووە و پەلی هاویشتوە و بڵاوبۆتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند جەلال عزیز ٢٠٢٣/١/٣)

## پێکهاتەی ڕیتم و ئاواز لە گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە

بەو پێیەی بەندە خەڵکی شاری کۆیەم و هەر لە منداڵییەوە لە باوەشی (ئەحمەدی حەمە مەلا)ی باوک و دەنگخۆش و مەقامزان و نیشتیمانپەروەر گەورە بووم و بە منداڵیش بۆ هەندێک لە کۆڕی دانیشتنەکانی خۆی و هاوەڵانی بردوومی و بەو جۆرە (مامە سێوە)و (تایەرتۆفیق)، بەتایبەتی ئەمەی دواییان و دەنگخۆشانی دیکەی شارەکەم لەو دانیشتنانەدا دیون و هەر لەو ساوە گوێم بە دەنگیان و بە مۆرکی گوتنەکانی تایبەتمەندی کۆیە و

دەوروبەری ئاشنابووە، دیارە دواتریش گوتنی کەسانی دیکەی شارەکەم ، بۆ نمونە: گوتنی سەر سواندەکان لەکاتی بوکگواستنەوەو دواتریش گوتنی ناو شاییەکان و گوتن و تەنزیلەی مەولود و ئینجا شین و شەپۆڕی ژن و کچان لەکاتی لەدەستدانی ئازیزان و گوتنی بۆنەکانی وەک سەیرانی بەهاران و گوتنی مەینۆشان و هەموو بۆنەکانی دیکەم بینیوە. هەموو ئەوانە هانیاندام بیر لەوە بکەمەوە, ئەو زاتانەی ئەوسا و زووتریش لە شارەکەمدا، دەستیان لە گوتن و مەقامناسی و مەقامزانیدا هەبووە و گۆیندەبێژی ناو دیوەخان و هی ناو شاییەکان و ئەوانەی لە مەولود خوێندن دەستیان هەبووە, بە ژن و پیاوەوە، بۆیە هەوڵمداوە هەموو ئەوانەی دەستیان لە پاراستنی ئەو کلتورو هونەرە پیرۆزە و هەم لە بەرەوپێشبردنیدا لە شارێکی زیندووی وەکو شاری کۆیە هەبووە، هەوڵمداوە وێنەیان و ئەگەر دەستکەوت کورتەیەکی ژیانیان بنوسین, بەڵکو بەم شێوەیە ناو و ناوبانگیان و هەوڵ و ماندوبوونیان لەم بوارەدا، بۆ نەوەکانی داهاتوو بپارێزرێت. (مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە.وریا ئەحمەد٢٠٢٠ ل٥ و٦).

ئەگەر بێین سەیری ئەو ئاوازو گۆرانییە کەلەپورییانەی دەشتی کۆیە بکەین و بە وردی گوێیان لێبگرین، ئەوا زۆربەی ئەو گۆرانیانە پێکهاتوون لە گۆرانیەکانی دروێنە و ساوەرکوتان و مەشکەژەنین و شایی و بوکگواستنەوە و هەوجاڕ گێڕان و جووتکردن بە وڵاغ و تا دەگاتە شین و شەپۆڕ و گۆرانی نیشتیمانپەروەری. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند هەژار محەمەد ٢٠٢٣/١/٤).

لە میانی گەڕان و چاو پێکەوتنەکاندا بەناو خەڵکی ئەو گوندانەدا و دواندنی بەتەمەنەکان و گوتنی گۆرانی بۆمان، ئەوەمان بۆ دەکەوت, کە زۆربەی ئەو ئاوازانە بریتین لە چەند ئاوازێکی سادە, لەڕووی ڕیتم و میانەی دەنگی و وشەکانی ناو گۆرانییەکان، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات, کە ئەو گۆرانییە کەلەپوریانەی دەشتی کۆیە, هیچیان لە گۆرانییە کەلەپورییەکانی ناوچەکانی تری کوردستان کەمتر نییە.

پێکهاتەی ئاواز و ڕیتم و گۆرانی کەلەپوری لە دەڤەری کۆیە بە گشتی و لە کۆنە و گوندو دێهاتەکان، خۆی لە هونەرێکی سادەو میللی دەبینێتەوە(لە کۆن)زیاتر ڕیتمی ٤/٢ و سوک و ئاسان، لەوانەیە ناوە ناوە شتێکی هەندێک جیاوازتریش هەبووبێت.(چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند زاهیر محەمەد٢٠٢٢/١٢/٢٧).

لە گەڕان و پشکنینەکانم و کۆکردنەوەی گۆرانییە کەلەپورییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە شاری کۆیەشەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە, کە گۆرانییەکانی دەشتی کۆیەش هیچیان کەمتر لە گۆرانی ناوچەکانی تری کوردستان لەڕووی ڕیتم و ئاوازو مەودای دەنگی گۆرانیەکان نییە، زۆربەی ئەو گۆرانییانەی دەشتی کۆیە لە ڕیتمی ٤/٢ و جۆرجیناو ٤/٦ و ٤/٤ و هەندێک جار ڕتمی ٨/٦ و زۆر بە کەمی ڕیتمی گەڕیان بەکارهاتووە، لەڕووی مەودای دەنگی ئاوازەکانەوە، زۆربەیان مەودای دەنگیان لەنێوان سیانی بچوک و دوانییە، زۆر بە دەگمەن دەبینی, کە میانەی پێنجی و شەشی بەکاربێت، واتا بازدانی زۆر کەم لەمیانە دەنگییەکانی میلۆدییەکان هەیە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند وریا ئەحمد ٢٠٢٢/١٢/١٢).

ئاوازو ڕیتم لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی دەشتی کۆیە و دەڤەری کۆیەدا، تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە, کە پێی دەناسرێتەوە، لە کاتی کارکردن, وەک دروێنە و ساوەرکوتان, کە هەمیشە ڕیتمێکی خاویان هەیە، هەروەها لە کاتی تازیە و شین و شەپۆڕیش چەند گۆرانییەکی تایبەت هەبووە، بۆ نمونە ژنێکیان دەهێنا بۆ ناو تازیەی ژنان، کە خەڵکی بانەگۆلانی دەشتی کۆیە بوو، تازیەی ژنانی بەڕێوەدەبرد، چەند گۆرانییەکی شین و شەپۆڕی دەگوت.

سێوە یەکێک بووە لەو کەسانەی بە گۆرانی فۆلکلۆریی و دروێنە دەستی پێکردووە، چونکە ئەمینداری ئەمیناغای ئەختەر بووە، کە ئەویش کاری جوتیاری و موڵکداری زۆر بووە، سێوەش لەگەڵ وەرزێرەکان کاری زۆر کردووە، دواتریش بووەتە ئەمینداری کاکە زیاد، بۆیە کاریگەری ئەو گۆرانیانە لەسەر سێوە ماوەتەوە, کە لە وەرزێرەکان لە کاتی کارکردندا گوێی لێ بووە .(چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند سەفین عبدالرزاق ٢٠٢٢/١٢/١٥).

پێکهاتەو ئاوازو ڕیتمی گۆرانییە کەلەپورییەکانی کۆیە و دەشتی کۆیە، زیاتر ئاوازی سادە و ڕیتمی سادەن، بگرە زۆر جار تێکستی گۆرانییەکانیش سادەبوون، بۆیەش زیاتر کەوتونەتە ناو خەڵک و ئاسان و تراونەتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هەنەرمەند پۆلا ئیسماعیل٢٠٢٣/١/٢).

پێکهاتەی ڕیتم و ئاواز لە دەشتی کۆیە, پەیوەستە بە شێوازی پێکهاتەی جوگرافی ناوچەکە, کە زیاتر لە دەشت و گرد و چیا پێکهاتووە، بۆیە ڕیتم و ئاوازەکانیشی هێواش و لەسەر خۆن، گۆرانی و

ئاوازەکانیان لە کاری ڕۆژانەیاندا هەڵقوڵاوە، وەک دروێنە و ساوارکوتان و کاری هەرەوەزی و شایی و تەونکردن بووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند جلال عزیز ٢٠٢٣/١/٣)

لەکاتی بووکگواستنەوە, کە بووک نزیکی ماڵی زاوا دەبووەوە، کۆمەڵێک دەنگخۆش دەچوونە سەر بانی ماڵی زاوا گۆرانیان دەگوت، گۆرانییەکی تایبەت هەبوو, وەکو نەریتی لێهاتبوو, کە دەبایە هەر بگووترابا, کە ئاوازێکی زۆر تایبەت بوو, ڕیتمێکی زۆر تایبەتی هەبوو، ئەویش گۆرانی (لەبەر نازی چاوبازان)بوو، کاتێک بووک دەگەیشتە بەر دەرکی ماڵی زاوا دەیان گووت. (چاوپێکەوتن لەگەڵ محەمەد سەلاح،٢٠٢٣/١/٢)

پێکهاتەی ڕیتم و ئاواز لە دەڤەری کۆیە، چەندین لایەنی جیاوازو ناوازەی تێدا دەردەکەوێت، کە لە ناوچەکانیتردا وێنەیان نییە یان دەگمەنە، ڕیتمی ٤/٧ لە چەند گۆرانییەکدا هەیە, کە لە شوێنەکانیتردا دەگمەنە یان هەر بەکارنەهاتووە، لەڕووی ئاوازەوە چەندین نمونەمان هەیە، گۆرانی (ناسکۆڵەم چۆتە سەفەرێ) لە مەقامی موحەیەڕە و تێکستی کۆن، هەمیشە لە دوای مەقامی (وەیلێ زاڵم) دەگوترێت. هەندێک گۆرانی ناوازە و تایبەت هەن, کە لە دەڤەرەکانیتر گوێبیستیان نابین (گۆرانی شلەوخانان )بە نمونە , هەر هەمان گۆرانی لەڕووی تێکستەوە نمونەیەکی ناوازە و شازە، دەکرێت بڵێین, ئەو تاک ڕێچکەیی و ناوازەییەی لە وراتی کۆیە دەبیسترێت و دەبینرێت, لە هەندێک شوێنی کەمی کوردستانی گەورەدا دەبینرێت.(چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیسماعیل ئارەزوو،٢٠٢٣/١/٥)

## تایبەتمەندی پێرفۆڕمانسی ئاواز و دەنگبێژانی گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە

ئەگەر باسی شێوازی ئەدای ئاواز و دەنگبێژانی گۆرانییە کەلەپوورییەکانی دەشتی کۆیە بکەین، ئەوا لە گوێگرتن لەم دەنگبێژانە بۆمان دەردەکەوێت, کە شێوە ئەدایەکی زۆر سادە و کوردییانە و خۆڕسکانە لە قوڕگی ئەو دەنگبێژانە دێتە دەرەوە، بەجۆرێک کە بەتەواوی هەست بە ڕەسەنایەتی و پاکی ژیانی لادێنشینی دەکەین.

بۆ ئەم باسە هونەرمەند وریا ئەحمەد دەڵێ: منیش چەند گۆرانییەکی تۆمارکراوم بە دەنگی مامۆستا (سەخەریە عیسا )هەیە, کە خەڵکی گوندی هەرمۆتەیە، بەتەواوی هەست بەو ئەدا ڕەسەن و کوردییانە دەکەم, کە لە دەنگی ئەو دەنگبێژەدا هەیە، کە ئەوەش تایبەتمەندییەکی تەواوی بە گۆرانییە کەلەپوورییەکانی دەشتی کۆیە داوە، کە لە ڕووی ئەدای گۆرانییەوە لە ناوچەکانی تری کوردستانی جیای دەکاتەوە.(چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند وریا ئەحمد ٢٠٢٢/١٢/١٢).

لێرەدا تایبەتمەندی هونەری دەشتی کۆیەمان لەڕووی پێرفۆڕمانسی دەنگبێژان بۆ گۆرانی و ئاوازە کەلەپوورییەکان مەبەستە، کە هەر ناوچە و شوێنێک تایبەتمەندی هونەریی و کەلەپوری خۆی هەیە. جیاوازە لە ناوچەکانیتر، بەهۆی کاروکاردانەوەی گەلێک هۆکار, کە پەیوەندیدارە بە ڕوگەکانی ژیان، بۆیە کۆیە و دەشتی کۆیە، هونەر و جوانی وەکو هەموو ناوچەکانیتر گەلێک تایبەتمەندی لە گۆرانی و شێوەی گوتن و بۆنەکانی هەیە.

جا لێرەدا ئەگەر باسی هەندێک گۆرانی بکەین, کە لە ساڵانی هەزار و هەشت سەدەکان, کە لەم سنورە لە دیوەخان و خانەقاکان یان لە بۆنەکان گوتراوە, هەر بەتەواوی تایبەتمەندیی کۆیەی پێوە دیارە, یاخود بڵێین مۆری کۆیەی لێدراوە، بۆ نمونە گۆرانی (شلەوخانان)لەگەڵ ئەوەی ئەم گۆرانییە لە هەندێک ناوچەیتر گوتراوە، بەڵام بە تایبەتمەندی هونەری سنوری کۆیە ناسراوە و بووە بە بەشێک لەهونەری ئەم ناوچەیە.

مێژووی ئەو گۆرانییە بۆ هاتن یا ڕاگواستنی زۆرەملێی شێخانییە(بن ئێزیدی)یەکان دەگەڕێتەوە, نزیکەی ساڵی( ١٥٥٠ز), کە ئێستا لە وراتی کۆیە لە گوندەکانی(بایزئاغا، ئیلنجاغی گەورە، بانیماران، بانەمورد، نێرەگین) هەروەها لەناو شاری کۆیە دەژین، شێوە زاریان سۆرانیە، کرمانجیە ئێزیدییەکەیان لەدەستداوە، شیعر و گۆرانییەکە بە ئاوازێکی (غەمگین_شیوەنی) ئەفرێندراوە، پێداگوتنەکی لاوانەوەی دوای فەرمان بەسەرداکردنەکەیە, کە شێخ و میرەکان دیل یان هەڵبڕاون، لە زمانی موریدەکانەوە بێژرایتەوە، بە سۆرانی کردنەکەی هەندێک تامی دڵداری دراوەتێ. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند دەوەن مەولود ٢٠٢٣/١/٦).

له شاری کۆیه کەسانێک هەبوون گۆرانیان دەگوت, هەندێکیش بۆیان دەگێڕانەوە، ئەوەی من لەبیرم ماوە (حاجی پۆلیس) خوا لێی خۆش بێت, زۆری دەزانی و ئاوازەکەشی  زۆر سوک بوو بۆ گێڕانەوە, کە ئێستاش هەندێک دەیڵێنەوە وەکو:

هەتیوێک بووم لە کاروانی                لامدا ماڵیان بە میوانی

دیتم زەریەک لەبەر نانی                دیتم کیژەک لەبەر نانی

ئاوازەکە ڕتمی ٤/٢ بوو, زۆر بە شێوازێکی سادە دەگوترا. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند سەلاح محەمەد ٢٠٢٣/١/٢).

هونەری ئاواز و مۆرکی دەڤەری کۆیە جیاوازییەکی تایبەتمەندی لە چاو دەڤەرەکانی تری کوردستان هەیە، لە هەموو جێگایەک, کە گوێیان لە ئاواز و مەقامێک و گۆرانییەک بێت، یەکسەر دەزانرێت, کە ئەوە مۆرکی ناوچە و دەڤەری کۆیەیە. ئەمە جگە لەوەی کە قوتابخانەی (سێوەی نەمر) هەر تایبەتمەندە, کە دەگمەنە، خەڵکێکی زۆری گەلی کورد چێژو پەسەندی ئەو مۆرک و تایبەتمەندییەش دەکەن. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند زاهیر محەمەد ٢٠٢٢/١٢/٢٧).

گۆرانیبێژان و گۆرانییەکانی وراتی کۆیە هێندە تایبەتمەند و جیاوازن, بە شێوەیەک لە شێوەکان زۆرجار دەگوترێت، کۆییەکان نەبن ناتوانن گۆرانی کۆیە وەکو خۆی بڵێنەوە. ئەوە بۆ ئەو چارەکە تۆنە تایبەتە دەگەڕێتەوە, کە لە گۆرانیەکانی کۆیە بەکاردێن، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان  گوێیەکی هەستیاری موزیکی ئەو تایبەتمەندییە دەناسێتەوە، گۆرانیبێژانی ئەو دەڤەرە بە شێوەیەکی گشتی بە دەنگی گەورەو قەبە دەناسرێنەوە.( چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ئارەزوو ئیسماعیل ٢٠٢٣/١/٥).

لەسەرەتای سالانی حەفتاکان خۆم یەکێک بووم لەو گۆرانیبێژانەی, کە لەناو شایی و هەڵپەڕکێ لە شاری کۆیە گۆرانیم دەگوت، بەلام گۆرانییەکانی من جیاوازیان لەگەڵ ئەوانی پێشوو هەبوو، من گۆرانی دەهۆڵیم دەچڕی, بەلام بە ایبەتی لە ژن گواستنەوەی برادەرەکانم لەو گۆرانیانەش:

نازانم لە کێ پرسم ئەو گوڵە میوانی کێیە

بۆم بانگ کەنە هەیوانێ کاری تایبەتیم پێیە

لە لادێکان لە کاتی کاری دروێنە یەکێک گۆرانی دەگوت, ئەوانی تریش دەیان گێڕایەوە, لەسەر لێدانی داس, کە پێی دەگوترا (گاز) گۆرانییەکیان دەگوت بەم شێوەیە:

لە کێم دیت و لە کێم دیت       کاکە لە بناری کۆیێ

شەدەو دەسماڵ تێکەڵبوون      لەگەر زەردە لیمۆیێ

نابێ (مەلا ئەحمەدی)ش لەبیر بکەین, خۆی خاڵکی گوندی سماقەی دەشتی کۆیە بوو، دوایی هاتۆتە کۆیە، بەڕاستی زۆر شتی جوانی لە مەقام و حەیران و بەستە پێشکەش کرووە، هەروەها شێوازی مەولود خوێندنەکەی تا ئێستا کەس وەک ئەو مەولودی نەخوێندۆتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند محەمەد سەلاح ٢٠٢٣/١/٢).

تایبەتمەندی ئەدا و شێوە گوتنی گۆرانیبێژانی کۆیە و دەشتی کۆیە, مۆرک و تایبەتمەندییەکی تەواوی ناوچەکەی پێوە دیارە، بەجۆرێک لە هەر شوێنێک گوێبیستی گۆرانیبێژانی کۆیە بیت, ئەگەر نەشزانی ئەو کەسە خەڵکی کۆیەیە، بە شێوازی ئەدای بەجێهێنان و گوتنی گۆرانییەکە هەست دەکەی, کە ئەو گۆرانیبێژە خەڵکی کۆیە و دەشتی کۆیەیە، تایبەتمەندییەکە بەجۆرێکە, کە لەگەڵ ناوچەکانی تری سلێمانی و هەولێر و هتد... جیای دەکاتەو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند سەفین عبدالرزاق ٢٠٢٢/١٢/١٥).

کاتێک گوێبیستی گۆرانی( لەبەر نازی چاوبازان) دەبین، کە لە هۆنراوەی (وەفایی)یە، کە زۆربەی گۆرانیبێژان ئەم هۆنراوەیان کردۆتە گۆرانی، بەڵام شێوەی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم گۆرانیە لە ناوچەی کۆیە زۆر جیاوازە، کە لە هیچ ناوچەیەک بەم جۆر و شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە.

لە وراتی کۆیە (کۆیە_دەشتی کۆیە), کە ئەو کات سەیارە نەبووە، کەسێک ئاوێنەیەکی گەورەی لەبەردەم بووک هەڵگرتووە و بەرەو ماڵی زاوا بەڕێکەوتوون، لەسەر بانی ماڵی زاوا سەر سواندەی ماڵەکەیان و دەورو پشتی ماڵی زاوا، چەند کەسێک لە پیاوە دەنگ خۆشەکان ئەو گۆرانیەیان دەگوت و جۆش و خرۆشێکی زۆریان بە بۆنەکە دەدا، جا بۆیە دەڵێم لەبەر نازی چاوبازان لە هیچ ناوچەیەکیتر بەم شێوە و بۆ ئەو مەبەستە بەکارنەهاتووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند دەوەن مەولود ٢٠٢٣/١/٦).

## ڕۆڵی شۆڕشەکانی بەرەنگاری کورد لەسەر ڕەوشی گۆرانی و موزیکی کۆیە

بەدرێژایی مێژوو لە گشت شۆڕش و جوڵانەوە سیاسییەکان و شەڕەکانی ناوەخۆ و دەرەوەدا لە سەرانسەری جیهان جگە لە گوتاری سیاسییەکان بۆ کردنی گیانی بەرگری بەسەر جەنگاوەران و جەماوەر شیعر و سرودی نیشتمانی و شاعیران و دەنگی پڕ حەماسی گۆرانیبێژان و مارشی سەربازی، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە وروژاندن و هاندان و بەرزکردنەوەی ورە و گیانی بەرخودانی خەڵک و شەڕکەراندا هەبووە, وەک ئامرازێکی کاریگەر لەم بوارەدا.

ئیمەی کورد خاوەنی دەیان کەڵەشاعیری نیشتمانپەروەر و گۆرانیبێژی بەتواناین، بەرهەمەکانیان بۆتە ئامرازێک بۆ هەڵگیرسانی گیانی فیداکاری و خۆشەویستی خاک و نیشتیمان. نمونەی ئەو گۆرانیبێژانە وەک(تایەر تۆفیق، شڤان پەروەر، ناسری ڕەزازی، نەجمەدینی غولامی، قادر دیلان و ساڵح دیلان و محمەد شێخۆ، حەمە جەزا هتد...، بێگومان دروسبوونی ئەو هەموو هونەرمەند و شاعیر و ئەدیبە, کە لەسەر نیشتمان شتیان گوتووە و شتیان نوسیوە, هەر لە خۆوە نەبووە، کاریگەری ئەو شۆڕشە یەک لە دوای یەکانەی میللەتی کوردیان لەسەر بووە, هەر لە شۆڕشی بابان و سۆران و بادینان و بۆتانەوە, بگرە تا دەگاتە شۆڕشی ئەیلول و گوڵان و شۆڕشی نوێی گەلی کورد.

بێگومان دەشتی کۆیەش لە بەشداری و ڕۆڵی ئەو شۆڕشانە لە دەڤەری کۆیە بەدەر نەبووە، بەتایبەت کە گوندەکانی کۆیە هەموو کات لانکەی شۆڕشەکان بوونە، لە گەڕان و گفتوگۆکانمان لەم بوارەدا، مامۆستا سەخەریە عیسا, کە خەڵکی گوندی هەرمۆتەیە و کانگایەکی لێوان لێوە لە هونەری گۆرانی ڕەسەنی کوردی، بێجگە لە گوتنی گۆرانییە ڕەسەنەکان بۆمان، باسی گرنگی شۆڕشەکانی بۆمان کرد، لەسەر خەڵکی گوندەکان و ئەو گۆرانیانەشی بۆمان گوت کەلەم سەردەمەدا, کە خۆی گەنجێکی هەرزەکار بووە و گۆرانی نیشتمانی بۆ شۆڕشی کورد گوتووە. (چاوپیکەوتن لەگەڵ م.سەخەریە عیسا ٢٠٢٢/٧/١٠).

بێگومان ڕۆڵی شۆڕشەکانی گەلی کورد لەسەر دروستبوونی هونەرێکی تایبەت بە پشتیوانی و گوتنی سرودی نیشتمانی بۆ شۆڕشەکان زۆر بووە، ئەمەش وایکردووە, کە لەم سەدەمەدا خەڵک زیاتر بەهۆی گۆرانی و سرودە نیشتمانییەکانەوە پەیوەندی بە شۆڕشەکان بکەن. (چاوپیکەوتن لەگەڵ هونەرمەند وریا ئەحمەد ٢٠٢٢/١٢/١٢).

من وەک ئەکتەر بەشدار بووم لە فێستیڤاڵی ساڵیادی شەهیدانی شۆڕشی نوێ, کە لە گوندی مامقلینج ئەنجامدراوە, چەند ژەنیارێکیان لەم فێستیڤاڵە بانگ کردبوو, کە کاری موزیکەکەیان بەڕێوەدەبرد، بە

دزیەوە لە هەولێرەوە هاتبوون, چونکە هەمومان فێرار بووین، بەلام ئەو ژەنیارانە ئەسڵ خەڵکی گوندی داربەسەری دەشتی  کۆیە بوون، لەم فێستیڤاڵەدا خەڵکێکی زۆر کۆبوبوەوە, تەنانەت خەڵک لە شاریش هاتبوون، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت, کە ڕۆڵی شۆڕشەکانی کورد لەسەر هونەری گۆرانی و دەنگبێژانی ناوچەکانی کۆیە و هەموو کوردستان زۆر بووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ جوامێر جەلال ٢٠٢٢/١٢/٥).

لە کۆیە دوو حیزبی گەورە جەماوەری هەبوو (پارتی)و (شیوعی) ساڵی ١٩٤٨ لە کۆیە، ئەو دوو پارتە پێکنەهاتن نەورۆز بەیەکەوە بکەن، هەر حیزبە و نەورۆزی تایبەتی خۆی کرد، بەلام بە دوورۆژی لەیەک جودا، من بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆ لە نەورۆزی پارتییەکاندا سرودم گوت. (ئەحمەد،خالید دلێر، ل١٦).

بێشک شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرەنگاربوونەوە کاریگەرییەکی دیار و شۆڕشگێرانەی لەسەر هونەری کۆیە هەبووە، دەڤەری کۆیە هەمیشە لە نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی و کوردایەتی هەر پێشەنگ بووە، ئەو گیانەش لە زۆربەی بوارەکانی ژیان ڕەنگیداوەتەوە، تایبەت لە هونەری کۆن و نوێدا، یەک نمونە باس دەکەم لە هونەری تێکست و مەقامی کۆن (مەقامی ئەی خاڵە موختار), کە مەلا ئەحمەدی ڕەحمەتی دەیچڕی... باسی نەهامەتی و ڕەوشی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەفەر بەلک دەکات، ئاواز و دەربڕینێکی کاریگەر بووە و وەسفی ئەو نەهامەتی و ماڵوێرانییەی کردووە, کە لە کۆیە تایبەت و لەسەرتاپای کوردستان بەرپابوو بوو، لە زەمانی حوکمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەدناو.

هەروەها دروسبوونی تیپی مۆسیقای شۆڕش لە ساڵانی حەفتاکان, کە من و مامۆستا سەرداری ڕەحمەتی لە کۆیە لەگەڵ ئیبراهیم سابیر بوینە ئەندامی ئەو تیپە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تری شارەکانی تری کوردستان، کە چەندین سرود و گۆرانی نیشمانیمان تۆمارکرد. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند زاهیر محەمەد ٢٠٢٢/١٢/٢٧).

مەحمود حەمەد شێخانی کە حەیرانبێژ و لاوکبێژێکی ناسراوی دەشتی کۆیە بوو، خەڵکی گوندی ئیلنجاغ بوو، ئەوکات پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ وەک هێزی بەرگری بەشدار دەبێت لەگەل ئەو هێزەی پێشمەرگە کەلەسەر ڕێی نێوان هەولێرو کۆیە  پێشیان بە هێزەکەی حکومەتی عێراق گرتبوو، کە بەرەو شاری کۆیە دەهات و لە ئەنجامدا دوای بەرگریکردن, سوپای عێراق گەیشتە شاری کۆیە و داگیری کردەوە، ئەوانیش واتا (هێزی پێشمەرگە) بۆ شاخی هەیبەسوڵتان پاشەکشە دەکەن، وەک بۆخۆی گوتویەتی (من حەسەن  حەیران )م نەدەناسی لە

شاخی هەیبەسوڵتان بەڕێکەوت گەیشتینە یەکو یەکترمان ناسی و پێکەوە دانیشتین و دەستمانکرد بە گەڕەلاوژە, واتا بەنۆرە حەیران و لاوکمان دەگوت.

دوای چەند ڕۆژێک گرتنەوەی شاری کۆیە گەڕاینەوە گوندی ئیلنجاغ.( شێخانی، ل٢٨). لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە, کە شۆڕشەکانی  گەلی کورد و هونەر و هونەرمەندان هەردەم دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاو بوون و تەواوکەری یەکتر بوون

لە کاتی شەهید بوونی ڕۆڵەکانیان ژنەکان یان خاوەن شەهیدەکان لە سنگی خۆیان دەدا و ئەو گۆرانییەیان دەگوت: شینگێڕم شین دەگێڕم شۆڕە سوارەکەی کۆیە. ئەو گۆرانیەم بۆ یەکەم جار لە (پورە سەبیحەی کەریم کێشکە) بیست, کە کوڕێکی بە ڕوداوی سەیارە مرد، جا لە تازییەکەی ئەو گۆرانییەی دەگوت، دوای چەند ساڵ شیعری ئەو گۆرانیەم لێ وەرگرت، دواتر لە شینی (ئەکرەمی خارە حەمیدی) کە لە موسڵ ئیعدام کرا،تەرمەکەیان نەداوە, جا هەموو خاڵکی کۆیە خەفەتبار بوون، لە تازیەکە ژنێک سەری خۆی لە قوڕنابوو بە دەنگێکی نوساو ئەو گۆرانییەی دەگوت. شینەکەی دەگێڕاو ژنەکانیتر بۆیان دەگێڕاوە، ئەو کات گوتیان ئەو ژنە خەڵکی گوندی بانەگۆلانی دەشتی کۆیەیە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند سەفین عەبدالرزاق ٢٠٢٢/١٢/١٥).

دوای ساڵی ١٩٦١ کە مامۆستا باکوری لە کۆیە ڕۆیی, من و مامۆستا سەردارو قاسم فەرەجوڵلا و عەلی عەونی تیپێکمان دانا, کەلە هەموو بۆنەکانی کۆیە بەشداریمان دەکرد، وەک بۆنەکانی نەورۆز و بۆنە نەتەوەییەکان لەگەڵ ماموستا زاهیر محمد لە سالی ١٩٦٢ بانگێشت کراین, بۆ شەقلاوە لەگەڵ چەند گەنجێکیتر, کە سەر بە (اتیحاد طلبی عیراقی) سەر بە حیزبی شیوعی بوون، شەوێک ئاهەنگێکی گشتی کرا بۆ ئە خەلکەی لەوێ بوون, سەلا ح محەمەد گۆرانی دەگوت منیش گۆرانی لە خەو ڕاپەڕەم گووت، فەرەنسۆ حەریری سەرپەرشتی ئەو بزوتنەوەی دەکرد ئەو کات ، ئەو گرووپە وەک گرووپی حیزبی شیوعی بەشدار بووین لەوێ . (چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند وریا قادر ٢٠٢٣/١/٢).

## بەشی سێیەم

- گرنگی کاری مەیدانی لە لێکۆڵینەوەی گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆریدا
- چوارچێوەی ڕێکاری توێژینەوەکە
- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە
- پێداویستیەکانی توێژینەوەکە
- نمونەکانی توێژینەوەکە
- میتۆدی توێژینەوەکە
- گرفتی توێژینەوەکە
- بونیادو پێکهاتەی نمونەی گۆرانیەکان
- ١.تەوەرری ڕیتم
- کێش
- خێرایی
- ڕیتمی دەرەوە
- ڕیتمی ناوەوە
- فیگەری ڕیتم
- ٢.تەوەری میلۆدی
- پێکهاتەی مۆتیڤ
- بنیادی ڕستەی موزیکی
- پێکهاتەی میانەکان
- هێڵکاری میلۆدی
- ڕاڤەی نۆتەو تێکستەکان
- ٣.تەوەری چڕین
- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت)
- بەکارهێنانی ڤێبراتۆ
- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان
- شوێنی هەناسە

## ١.گرنگی  کاری مەیدانی لە لێکۆڵینەوەی گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆریدا:

کاری مەیدانی بە گرنگترین ئەرک دادەنرێت بۆ ئەم بوارە کە کۆمەڵێک بنەمای هەیە بۆ ئەنجامدانی،کە بە کورتی لەچەند خاڵێکدا باسی دەکەین:

١.دیاریکردنی ناوچەی گەڕان واتە سنوری جوگرافی کە پێکدێت لە(شار،شارۆچکە،گوند،هۆزو تیرەکان کە کۆچەرین).

٢.داب ونەریت:مەبەست لەمە تێگەیشتنە لە داب ونەریت و شێوازی ژیانی خەڵکی

لەم ناوچەیەدا، تا بەریەککەوتنەکان ئاسایی بن و زانیاری پێشوەخت هەبێت لەم بارەیەوە.

٣.زمان:تێگەیشتن لە زمانی قسەکردن چونکە ئەم کارە پێویستی بە دواندن و گفتوگۆکردن هەیە لەناو خەڵکدا.

٤.پێویستیەکانی تۆمارکردن وەک(کامێرا،تۆماری دەنگی)

٥.چاوپێکەوتنەکان:کەسانی بەتەمەن لە(گۆرانیبێژ،موزیکژەن)بە تایبەت لە گوندو ناوچە دورەدەستەکان کە دورن لە تەکنەلۆجیا.

هەروەها ناوەندە فەرهەنگیە ئەکادیمیەکان وەک(زانکۆ،پەیمانگەی هونەرەجوانەکان)

بەم شێوەیە دەتوانرێت کارێکی مەیدانی سەرکەوتوو بکرێت، کە بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت بۆ پاراستن و کۆکردنەوەی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریانە.پاشان ئەرشیفکردنی ئەم بابەتانەو ئامادەکردنیان،کە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەندە هونەریەکان بە تایبەت لە زانکۆو پەیمانگەکان.

## ٢.کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

توێژەر لە میانەی توێژینەوەکەدا هەندێک لەو بابەت و گۆرانیە فۆلکلۆریانەی دەڤەری کۆمەڵگەی کۆیەی دیاری کردوەو کۆی کردونەتەوە کە لە دەڤەری کۆیە هەن،وە ئەو بابەتانەی کە هەڵبژاردوون خۆی لە گۆرانی کەلەپوری دەڤەری کۆیە دەبینێتەوە،کە خۆی لە دە نمونەی گۆرانی دەبینێتەوە.

## ٣. پێداویستیەکانی توێژینەوەکە:

لە کاتی نوسینی توێژینەوەکە توێژەر چەند ئامێرێک و چەند بەرنامەیەکی بەکارهێناوە،وەک لاپتۆپ dell،مۆبایل tecno pove٢،بەرنامەی voice recorder،بەرنامەی Sibelius بۆ نوسینی نۆتەکان،بەکارهینانی ئامێری عود.

## ٤.نمونەی توێژینەوەکە:

توێژەر نمونەکان لە ناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دیاری دەکات کە دەڤەری دەشتی کۆیەیە.

## ٥.میتۆدی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا شێوازی ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهاتووە، کە بە شێوەیەکی گشتی پشتی بە گەڕانی مەیدانی بەستووە .

## ٦.گرفتی توێژینەوەکە:

لەکاتی بتوێژینەوەکەدا توێژەر ناچاربووە پشت بە گەڕانی مەیدانی ببەستێت، لەبەر نەبوونی سەرچاوە، زۆربەی کەسە بەتەمەنەکانی ئەم ناوچەیە ئامادەنەبوون گۆرانی بڵێن، ئەمەش گرفتێکی گەورەی لەبەردەم توێژەر دروستکردبوو، لەلایەکیترەوە زۆربەی کەسە بەتەمەنەکان بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستدابوو، نەبوونی پاڵپشتی هونەری و دارایی بۆ کەسانی پسپۆڕ، وایکردووە، کە ئەو هەگبە و سامانە نەتەوەییەی هونەر، ڕۆژدوای ڕۆژ بکەوێتە ژێر مەترسی لەناوچوون و سڕینەوە. بۆیە بە پێویست زانرا، کە ئەم بابەتە بەشێوەیەکی ئەکادیمی لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بکرێت، تا بگاتە مەبەستی خۆی.

## ٧.بونیادو پێکهاتەی نمونەی گۆرانیەکان:

ئەو گۆرانیانەی کە توێژەر شیکردنەوەیان بۆ دەکات لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا بریتین لە دە نمونەی گۆرانی فۆلکلۆری دەشتی کۆیە کە ئەمانەن:

| ژمارە | ناوی گۆرانی | جۆری گۆرانی | ئاواز | هۆنراوە | ووتنی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١. | هەی بەلار | بوک گواستنەوە | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | شیرین سولاقە |
| ٢. | مریەمێ | درویێنە | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | ئەیوب باقی |
| ٣. | مەمیانە | شایی | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | سەخەریا عیسا |
| ٤. | لە تەیران | دلداری | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | گەوریل شەعیا |
| ٥. | سارەکی وابوو | درویێنە | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | سەخەریا عیسا |
| ٦. | کاکە لەرزانە | شایی | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | سەخەریا عیسا |
| ٧. | جەبارە | دلداری | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | گەوریل شەعیا |
| ٨. | مەشکە | کار | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | هۆرمز عیسا |
| ٩. | یار غەزال | دڵداری | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | جمیل وسو |
| ١٠. | لەبەر نازی چاوبازان | بوک گواستنەوە | فۆلکلۆر | وەفایی | صلاح محمد |

## ١.هەی بەلار

ئاوازوهۆنراوە:فۆلکلۆر

وتنی:شیرین سولاقە

گوندی هەرمۆتە

٢٠٢٢/٧/١٧

هەی بەلارو بەلارو بەلارەوە

توسەری باوکت وەرە ماڵەوە

....................................................

باڵاکەت بەرزە بەقەد چناری

کێ تۆی عادز کرد بەردی لێباری

......................................................

دەرۆم و نارۆم ڕێم لەبەر ناچێ

داخی ئەو ماچە لە دڵم دەناچێ


.........................................................

نۆتەی گۆرانی



## مەقامی ئەوشار (٣ ٤ ٤ ٢ ٤ ٤ ٣)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (سێگا) ، لە سەرچوون پێکدێت لە (سیانی سێگا) لەسەر پلەی سێگا ، لەگەڵ (ڕەگەزی نەهاوەند ) لەسەر پلەی نەوا.




## شیکردنەوەی گۆرانی (هەی بەلار)

### ١. تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی ڕۆیین (فۆکس)

ب- کێش: ٢/٤

ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نوارِ یەکسانە بە ٨٩ یەکەی چرکە mm)

♩ = 89

د- ڕیتمی ناوەوە



ر- فیگەری ڕیتم




## ٢. تەوەری میلۆدی:

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە دوو تێم پێکدێت (تێمی B و A )

هەردوو تێمەکە هەمان ژمارەی مازوڕەیان هەیە، بنیادی ڕستەکانیش لە ڕووی کاراییەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازوڕەکانی ٤،٣،٢،١ دەگرێتەوە + بەردەوامبوون لە مازوڕەکانی ٧،٦،٥, + قفڵبوون کە مازوڕەی ٨ دەگرێتەوە)



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)

١-دەنگی دەست پێکردن (G٢)

٢- دەنگی کۆتایی (E b)

٣- بەرزترین دەنگ (A٢)

٤- نزمترین دەنگ (E b)

د- پێکهاتەی میانەکان

١-میانەی یونیسون = ١٥

٢- میانەی دوانی سەرچوون = ٥

٣- میانەی دوانی خوارچوون = ٧

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە بە شێوەیەکی سادە دەوترێت ، هیچ جوانکاریەکی تێدا نابیسترێت ، ئەوەی بەدی دەکرێت لە شێوازی (دەربڕینی وشەکان)ە ، لەسەرەتای مازوڕەکان نیشانەی (< )ئەکسێنت هەیە ، کە هەموو وشەکان بە بەهێزی دەردەبڕدرێت.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوە لە نیوەی دووەمی مازوڕەی یەکەم و چوارەم هەیە ، وە لە سەرەتای مازوڕەی شەشەم و لە کۆتایی میلۆدییەکەش دەکرێت.

د- شوێنی هەناسە: لە کۆتایی تێمی (A) شوێنی هەناسەدانە بۆ دەستپێکردنی تێمی (B).

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە چوار بڕگەییە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی بووک گواستنەوە(شایی)ە.

## ٢.مریەمێ

ئاوازوهۆنراوە:فۆلكلۆر

وتنی:ئەیوب باقی

گوندی شێخەروان

٢٠٢٢/١٢/٧

لەسەر حەساران مریەمێ مریەمێ و ناتگەمێ

وەی لەسەر حەساران مریەمێ چەپکێ گوڵت دەدەمێ

دیمەنی باڵات مریەمێ نازی لێدەبارێ

کەپرێکت بۆبکەم مریەمێ لە داری شۆڕەبی

سێبەری بدا مریەمێ لە پەرچەم و کەزی

لە هەتاو دووربی مریەمێ دەردی من گرانە

گۆزە هەڵمەگرە مریەمێ گۆزەکەت گرانە

خۆت مەچەمێنە مریەمێ لەسەر ئەو دوو ڕانە

نەوەکو تەڕبی مریەمێ ئەو جووتە شەمامە

بەندانم بۆبلێ مریەمێ دەردی من گرانە


نۆتەی گۆرانی

### مریەمێ



## مەقامی چوار گا (٣ ٣ ٤ ٤ ٢ ٤ ٤)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (چوارگا) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی عەجەم) لەسەر پلەی چوارگا ، لەگەڵ (ڕەگەزی ڕاست ) لەسەر پلەی کردان.




## شیکردنەوەی گۆرانی (مریەمێ)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی گوڵشەینی (جۆرجینە)

ب- کێش: $\frac{٥}{٨}$

ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نوارِ یەکسانە بە ٨٧ یەکەی چرکە mm)

♩ = 87

د- ڕیتمی ناوەوە



ر- فیگەری ڕیتم





## ٢-تەوەری میلۆدی:

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : له سێ تێم پێکدێت بەدوای یەکدادێن تێمی (A) دووبارە دەبێتەوەله کۆتاییدا  که به تێمی (A١)ناومان بردووە ، پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیە (A – B – A١) )(تێمی A چوار باڕە) وە (تێمی B چوار باڕە) وە (تێمی A١ چوار باڕە)

بنیادی ڕستەکانیش له ڕووی کاراییەوە بریتین له (مۆتێڤ که مازوڕەکانی ٤,٣,٢,١ دەگرێتەوە + سکوێنس که مازوڕەکانی ٦,٥ +بەردەوامبوون له مازوڕەکانی ٨,٧+ دووبارەبوونەوە له مازوڕەکانی ١١,١٠,٩ + قفڵبوون که مازوڕەی ١٢ دەگرێتەوە) واتا هەموو کاراییەکانی تێدا بەدی دەکرێت.



ج بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)

١-دەنگی دەست پێکردن (F)

٢- دەنگی کۆتایی (F)

٣- بەرزترین دەنگ (C٢)

٤- نزمترین دەنگ (E b)

د- پێکهاتەی میانەکان

١-میانەی یونیسون = ١٥

٢- میانەی دوانی سەرچوون = ١٤

٣- میانەی دوانی خوارچوون = ١٣

٤-میانەی سیانی خوارچوون=١

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە لە کۆتایی تێمەکان جوانکاری (ترێل) بەدیدەکرێت ، وە شێوازی (دەربڕینی وشەکان) لەسەرەتای مازوڕەی تێمی(B) نیشانەی (< )ئەکسێنت هەیە ، کە وشەکە بە بەهێزی دەردەبڕدرێت.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوە لە مازوڕەی چوارەمی هەموو تێمەکان هەیە .

د- شوێنی هەناسە: لە مازوڕەی هەر سێ تێمەکە نۆتەی پشوو هەیە کە شوێنی هەناسەدانە .

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە نیمچە ئازادە ، لە هەندێک لە برگەکان کێشی هەیە و لە هەندێکیان بێ کێشە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (دڵداری)ە.

## ٣.مەمیانە

مەمیانە مەمیانە مەمۆ      نیوەڕۆی بەکولیچانە مەمۆ

کێشتان گۆشت بەرانە مەمۆ    ئێواران گۆشت بەرانە مەمۆ

ئێواران بە قلیچانە مەمۆ

.................................................................................................

مەیان نیە نیەو نیە      سوبحەینەکی سەحەریە

شێرێک لە چۆمی نەڕیە    کیژ دەورەیان لێگرتیە

میرم گوتی ئەمە چیە      ئەمەش کەروێشکە کێویە

بە دیارییە بە دیارییە      بە دیاریم بۆتۆ ناردیە

.................................................................................................

مەمیانە مەمیانە مەمۆ      عەلیاغام میوانە مەمۆ

شایی کیژە جوانە مەمۆ      زاوا کاکە خانە مەمۆ

ئاوازوهۆنراوە:فۆلکلۆر

وتنی:سەخەریا عیسا

گوندی هەرمۆتە

٢٠٢٢/٧/٢

نۆتەی گۆرانی

مەمیانە مەمیانە



## مەقامی ماینەر سروشتی (٤ ٤ ٢ ٤ ٤ ٢ ٤)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (بۆسەلیک) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی نەهاوەند) لەسەر پلەی بۆسەلیک ، لەگەڵ (ڕەگەزی کورد ) لەسە پلەی ماهور.




## شیکردنەوەی گۆرانی (مەمیانە مەمیانە)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی ڕۆین(فۆکس)

ب- کێش: ٢/٤

ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نوارِ یەکسانە بە ٧٦ یەکەی چرکە mm)

♩ = 76

د- ڕیتمی ناوەوە



ر- فیگەری ڕیتم





## ٢-تەوەری میلۆدی:

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە دوو تێم پێکدێت ، پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیە (A – B ) هەر تێمێکیان لە چوار بارِ پێکهاتووە
بنیادی ڕستەکانیش لە ڕووی کاراییەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازوورەکانی ٤,٣,٢,١ دەگرێتەوە + سکوێنس کە مازوورەکانی ٨,٧،٦,٥ + هەروەها قفڵبونیشی لە هەمان مازوورەی ٨ دەبێت.



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)

١-دەنگی دەست پێکردن (B٢)

٢- دەنگی کۆتایی (B٢)

٣- بەرزترین دەنگ (C٢)

٤- نزمترین دەنگ (E)

د- پێکهاتەی میانەکان

١-میانەی یونیسون = ١٤

٢- میانەی دوانی سەرچوون = ٨

٣- میانەی دوانی خوارچوون = ١٠

٤-میانەی سیانی خوارچوون=٢

٥-میانەی چواری سەرچوو=٢

٦-میانەی پێنجی سەرچوو=١

٧-میانەی پێنجی خوارچوو=١

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە شێوەیەکی سادەی هەیە.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوەی تێدا نیە لە هەردوو تێمەکە دا.

د- شوێنی هەناسە: لە کۆتایی مازوڕەی دووەم و چوارەم و شەشەم شوێنی هەناسەدانە بەدی دەکرێت.

## شیکردنەوەی تێکست

آ- بڕگەکانی تێکستی ئەم گۆرانییە جیاوازن ، گە هەموو پارچەکانی تێکستەکە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (شایی)ە.

## ٤.لەتەیران

ئاوازوهۆنراوە:فۆلكلۆر

وتنی:گەوریل شەعیا /كۆیە

٢٠٢٢/٧/١٤

له تەیران تەیرە سپیمە باوانم نەشێوێ

لەتەیران تەیرە سپیمە باوانم نەشێوێ

له باخی ئەفەندیمە باوانم نەشێوێ

..............................................................

له تەیران تەیری ئارم باوانم نەشێوێ

هەتا دەمرم دەنارم خوایە لێم نەشێوێ

.............................................................

لەتەیران وەز كوركوڕم باوانم نەشێوێ

عاشق بە مەمكی خڕم خوایە لێم نەشێوێ

.............................................................

لەتەیران تەیری ڕەشم باوانم نەشێوێ

عاشق بەچاوی ڕەشم خوایە لێم نەشێوێ

.......................................................


نۆتەی گۆرانی

له تەیران



## مەقامی ماینەر سروشتی (٤ ٢ ٤ ٤ ٢ ٤ ٤)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (بۆسەلیک) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی نەهاوەند) لەسەر پلەی بۆسەلیک ، لەگەڵ (ڕەگەزی کورد ) لەسە پلەی ماهور.




## شیکردنەوەی گۆرانی (لە تەیران)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی ڕۆین(فۆکس)

ب- کێش: ٢/٤


ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نوارِ یەکسانە بە ٨٥ یەکەی چرکە mm)

♩ = 85

د- ڕیتمی ناوەوە



ر- فیگەری ڕیتم




## ٢-تەوەری میلۆدی:

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە چوار تێم پێکدێت ، کە هەمان تێمی یەکەمە دووبارە دەبێتەوە بەم شێوەیە ناومان بردوون (A – A١– A٢ – A٣ ) هەر تێمێکیان لە چوار بارِە پێکهاتووە
بنیادی رستەکانیش لە رووی کاراییەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازورِەکانی ٤,٣,٢,١ دەگرێتەوە و دووبارە دەبنەوە مازورِەکانیتر.



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)
١-دەنگی دەست پێکردن (E)
٢- دەنگی کۆتایی (E)
٣- بەرزترین دەنگ (F)
٤- نزمترین دەنگ (D)

د- پێکهاتەی میانەکان
١-میانەی یونیسون = ٣١
٢- میانەی دوانی سەرچوون = ١٢
٣- میانەی دوانی خوارچوون = ٤
٤-میانەی سیانی خوارچوون=٤

### ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە شێوەیەکی سادەی هەیە.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوەی لە مازوورِی یەکەمی هەموو تێمەکان هەیە.

د- شوێنی هەناسە: لە هەموو تێمەکان نۆتەیەکی پشوو هەیە کە شوێنی هەناسەدانە.

### شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە شەش برگەیی کێشدارە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (دڵداری).

## ٥.سارەکی وابوو

سارەکی وابوو باران نابارێ

بووساران وابووباران نەبارێ

...............................................

جۆگەکمان لێدا لەوسەرێ شارێ

لەبەرمان دەچاند گەنمە بوهارێ

...............................................

سەد کورم دەوێ لە ئی چاردە سار

سەد کچم دەوێ لە ئی چاردە سار

...............................................

ئاوازوهۆنراوە:فۆلکلۆر

وتنی:سەخەریا عیسا

گوندی هەمۆتە

٢٠٢٢//٧/٢


نۆتەی گۆرانی

سارەکی وابوو



## مەقامی عەجەم  (٢ ٤ ٤ ٤ ٢ ٤ ٤)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (چوار گا) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی عەجەم) لەسەر پلەی چوار گا ، لەگەڵ (ڕەگەزی عەجەم ) لەسە پلەی کردان.




## شیکردنەوەی گۆرانی (سارەکی وا بوو)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی  ڕۆین(فۆکس)

ب- کێش:   ٢/٤


ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نواڕ یەکسانە بە ٧٨ یەکەی چرکە mm)

♩ = 78

د– ڕیتمی ناوەوە



ر– فیگەری ڕیتم




## ٢–تەوەری میلۆدی:

آ– پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب– بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە سێ تێم پێکدێت ، کە بەم شێوەیە ناومان بردوون (A – B – C ) هەر تێمێکیان لە شەش بارِ پێکهاتووە

بنیادی ڕستەکانیش لە ڕووی کارابیەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازوورەکانی ٦,٥,٤,٣,٢,١ دەگرێتەوە + سکوێنس لە تێمی (B,C) + قفلّبوون لە مازوورەی کۆتایی.



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)

١-دەنگی دەست پێکردن (E)

٢- دەنگی کۆتایی (F)

٣- بەرزترین دەنگ (A٢)

٤- نزمترین دەنگ (E)

د- پێکهاتەی میانەکان

١-میانەی یونیسون = ١١

٢- میانەی دوانی سەرچوون = ٩

٣- میانەی دوانی خوارچوون = ١٢

٤-میانەی سیانی سەرچوون=٢

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە شێوەیەکی سادەی هەیە.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوەی لە مازوڕەکانی (١٨,١٥,١٢,٩,٦,٣) دەکرێت.

د- شوێنی هەناسە: لە هەموو ئەو شوێنانەی کە میلۆدیدکەی تێدا درێژ دەکرێتەوە دەبێت بە شوێنی هەناسەدان.

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە چوار بڕگەیی کێشدارە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (کارکردن).

## ٦.کاکه لەرزانه

کاکه لەرزانه هێ برا لەزانه

شاییەو بەڕیزە خەنە بەندانه

رەشبەڵەک گیراوە سێ چین لەو بانه

.........................................................

هۆ هۆ کیژەکان وەسیەت بێ بۆتان

شوو مەکەن بە پیر تەوقە لە ملتان

شوو بکەن بە جاحیر لە سومعی خۆتان

.........................................................

چاوم چاوەڕێی ئەم ڕێگەو بانه

بەڵکو پێی دابێ ئەم گەردەن پانه

وەی وەی لەرزانەو هێ برا لەزانه

.........................................................

ئاوازوهۆنراوە:فۆلکلۆر

وتنی:سەخەریا عیسا

گوندی هەرمۆتە

٢٠٢٢/٧/٢

نۆتەی گۆرانی

کاکه لەرزانه



## مەقامی عەجەم (٢ ٤ ٤ ٤ ٢ ٤ ٤)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (ڕەست) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی عەجەم) لەسەر پلەی ڕەست، لەگەڵ (ڕەگەزی عەجەم ) لەسە پلەی نەوا.




## شیکردنەوەی گۆرانی (کاکە لەرزانە)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی ڕۆین(فۆکس)

ب- کێش: ٢/٤

ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نوارِ یەکسانە بە ٩٢ یەکەی چرکە mm)

♩ = 92

د- ڕیتمی ناوەوە




ر- فیگەری ڕیتم





## ٢-تەوەری میلۆدی:

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە شەش تێم پێکدێت ، کە بەم شێوەیە ناومان بردوون (A – A١ – B – A٢ – C – D ) هەر تێمێکیان لە دوو بارە پێکهاتووە

بنیادی رستەکانیش لە رووی کاراییەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازورەکانی٢,١ دەگرێتەوە + گۆڕانکاری مۆتێڤ لە تێمی (B) + دووبارە بوونەوەی مۆتێڤ لە تێمەکانی (A١ – A٢)سکوێنس لە تێمی (C,D) + قفڵبوون لە مازورەی کۆتایی.



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)

١-دەنگی دەست پێکردن (C)

٢- دەنگی کۆتایی (C)

٣- بەرزترین دەنگ (E)

٤- نزمترین دەنگ (C)

د- پێکهاتەی میانەکان

١-میانەی یونیسون = ٢٠

٢- میانەی دوانی سەرچوون = ١١

٣- میانەی دوانی خوارچوون = ١٣

٤-میانەی سیانی سەرچوون=١

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): مۆتێڤی ئەم میلۆدیە لە کۆتایی مازوڕەی یەکەم و سەرەتای مازوڕەی دووەم جوانکاری (ئەپەچەتۆر)بەکارهاتووە ، لە تێمەکانی (C-D) شێوازی چڕینی (ترێل) دەبیسترێت.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوە لە کۆتایی هەموو تێمەکان هەیە لەگەڵ مازوڕەکانی نێوان تێمەکانی (C-D).

د- شوێنی هەناسە: لە کۆتایی هەموو تێمەکان شوێنی هەناسەدان هەیە و ئاماژەی پێدراوە.

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە شەش بڕگەیی کێشدارە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (شایی چۆپەیی).

## ٧.جەبارەو جەبارە

ئاوازوهۆنراوە:فۆلکلۆر

وتنی:گەوریل شەعیا

کۆیە/٢٠٢٢/٧/١٤

جەبارەو جەبارە جەبارەو جەبارە

هەرچی ساحێب یارەلە چاوان رادیارە

............................................................

جەبارەو جەبارە جەبارەی نەورۆزی

چەندە قیت و قۆزی لە چاوان ئارۆزی

............................................................

جەبارەو جەبارە جەبارەی نەدیمە

نەکرێم قیمە قیمە بێ مەمکان ناژیمە


............................................................

نۆتەی گۆرانی



## مەقامی سێگا (٣ ٤ ٣ ٣ ٤ ٤ ٣)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (سێگا) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (سیانی سێگا) لەسەر پلەی سێگا، لەگەڵ (ڕەگەزی ڕاست ) لەسە پلەی نەوا.




## شیکردنەوەی گۆرانی (جەبارە و جەبارە)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی  گوڵشێنی (جۆرجینا)

ب- کێش: $\frac{١٠}{١٦}$

ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نواڕ یەکسانە بە ٧٢ یەکەی چرکە mm)

♩ = 72

د- ڕیتمی ناوەوە



ر- فیگەری ڕیتم





## ٢-تەوەری میلۆدی:

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە چوار تێم پێکدێت ، کە بەم شێوەیە ناومان بردوون (A – B – C – D ) هەر تێمێکیان لە دوو بارە پێکهاتووە
بنیادی رستەکانیش لە رووی کاراییەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازورەکانی ٢,١ دەگرێتەوە + گۆڕانکاری مۆتێڤ لە تێمی (C) + سکوێنس لە تێمی (B,D) + قفڵبوون لە مازورەی کۆتایی.



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)

١-دەنگی دەست پێکردن (F)

٢- دەنگی کۆتایی (E)

٣- بەرزترین دەنگ (B٢)

٤- نزمترین دەنگ (E)

د- پێکهاتەی میانەکان

١-میانەی یونیسون = ١٢

٢- میانەی دوانی سەرچوون = ١٩

٣- میانەی دوانی خوارچوون = ٢٤

٤-میانەی سیانی سەرچوون=٢

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): لە تێمەکانی (B-D) شێوازی چڕینی (ترێل) دەبیسترێت.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوە لە کۆتایی تێمی (D) کراوە.

د- شوێنی هەناسە: لە کۆتایی هەموو تێمەکان شوێنی هەناسەدان هەیە و ئاماژەی پێدراوە.

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە چوار برگەیی کێشدارە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (شایی).

## ٨.مەشکە

ئاوازوهۆنراوە:فۆلکلۆر

وتنی:هۆرمز عیسا

کۆیە/٢٠٢٢/٧/٢١

مەشکە مەشکەی مانگایە

ئەورۆ دەنگم دەرنایە

هەی مارەبابی من بی

هەی عەمرو چاوی من بی

...........................................

مەشکە مەشکەی گامێشێ

چەندم شان وپیل دێشێ

هەی مارە بابی من بی

هەی عەمرو چاوی من بی

...........................................

مەشکە مەشکەی مانگا قوڵە

سەرم بویتە وەک زەنگوڵە

هەی مارەبابی من بی

هەی عەمرو چاوی من بی

...........................................

نۆتەی گۆرانی

مەشکە



## مەقامی ماینەر سروشتی (٤ ٤ ٢ ٤ ٤ ٢ ٤)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (بۆسەلیک) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی نەهاوەند) لەسەر پلەی بۆسەلیک ، لەگەڵ (ڕەگەزی کورد ) لەسە پلەی ماهور.




## شیکردنەوەی گۆرانی (مەشکە)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی  دەروێشی

ب- کێش:  $\frac{٦}{٤}$

ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نوارِ یەکسانە بە ٨٢ یەکەی چرکە mm)

♩ = 82

د- ڕیتمی ناوەوە



ر- فیگەری ڕیتم




## ٢-تەوەری میلۆدی:

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە دوو تێمی سەرەکی پێکدێت تێمی (A – B) وە دووبارەی هەردوو تێمە سەرەکیەکە بەم شێوەیە ناومان بردوون (A١– B١ ) هەر تێمێکیان لە دوو بارە پێکهاتووە بنیادی رستەکانیش لە رووی کاراییەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازوورەکانی ٢,١ دەگرێتەوە و دووبارە دەبێتەوەوە لە مازوورەکانی ٤،٣ + بەردەوام بوون لە مازوورەکانی ٧،٦،٥+قفڵبوون لە مازورەی کۆتایی.



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)

١-دەنگی دەست پێکردن (F)

٢- دەنگی کۆتایی (E)

٣- بەرزترین دەنگ (A٢)

٤- نزمترین دەنگ (E)

د- پێکهاتەی میانەکان

١-میانەی یونیسون = ١٤

٢- میانەی دوانی سەرچوون = ١١

٣- میانەی دوانی خوارچوون = ١٢

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە شێوەیەکی سادەی هەیە.

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو مازوڕەکان لە هەموو تێمەکان هەیە.

د- شوێنی هەناسە: لە کۆتایی هەموو تێمەکان شوێنی هەناسەدان هەیە کە ئاماژەمان پێیداوە.

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە حەوت برگەیی کێشدارە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (کار).

## ٩.یارغەزال

یارغەزال عەمرم غەزال

یارغەزالم دیتیە

یەخەو سوخمەی داترازاند

سینگ و مەمکی سپیە

دەستم برد لەبۆ سینەی

جووت شەمامەم گرتیە

یارغەزالیٚ غەزالیٚ

یارغەزال عەمرم غەزال

.........................................

ئاوازوهۆنراوە:فۆلکلۆر

وتنی:جەمیل وسو

گوندی مامقلینج/٢٠٢٢/١٢/٥

نۆتەی گۆرانی

یار غەزال



## مەقامی بەیات  (٤ ٤ ٢ ٤ ٤ ٣ ٣)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (دۆگا) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی بەیات) لەسەر پلەی دۆگا ، لەگەڵ (ڕەگەزی کورد ) لەسەر پلەی حوسەینی.




## شیکردنەوەی گۆرانی (یار غەزال)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی گوڵشەینی (جۆرجینە)

ب- کێش: $\frac{٥}{٨}$

ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نواڕ یەکسانە بە ٨٠ یەکەی چرکە mm)

♩ = 80

د- ڕیتمی ناوەوە



ر- فیگەری ڕیتم




## **٢- تەوەری میلۆدی:**

آ- پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب- بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە سێ تێم پێکدێت بەدوای یەکدادێن تێمی (A) دووبارە دەبێتەوە کە بە تێمی (A١)ناومان بردووە ، پێکهاتەی تێمەکان بەم شێوەیە (A – A١ – B) هەریەک لە تێمەکان لە چوار مازۆڕە پێکهاتووە ،
بنیادی ڕستەکانیش لە ڕووی کارابیەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازوڕەکانی ٤,٣,٢,١ دەگرێتەوە + دووبارەبوونەوە لە مازوڕەکانی(٨,٧,٦,٥) + سکوێنس کە مازوڕەکانی ٩,١٠,١١, ١٢+ قفڵبوون کە مازوڕەی ١٢ دەگرێتەوە) واتا هەموو کاراییەکانی تێدا بەدی دەکرێت.



ج بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)
١-دەنگی دەست پێکردن (D)
٢- دەنگی کۆتایی (D)
٣- بەرزترین دەنگ (G٢)
٤- نزمترین دەنگ (D)

د- پێکهاتەی میانەکان
١-میانەی یونیسون = ٤
٢- میانەی دوانی سەرچوون = ٢١
٣- میانەی دوانی خوارچوون = ١١
٤-میانەی سیانی سەرچوو=٣
٥- میانەی سیانی خوارچوون=٨

## ٣-تەوەری چڕین

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە شێوەیەکی سادەی هەیە ..

ب-بەکارهێنانی ڤێبراتۆ : ڤێبراتۆ بەکار نەهاتووە .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : زۆربەی دەنگەکان هەمان کاتی خایاندنیان هەیە، لە چەند شوێنێک (سینکۆپ) هەیە کە پیتی وشەکان بە کورتی دەردەبڕێت.

د- شوێنی هەناسە: لە هەموو تێمەکان دوو شوێنی هەناسەدانە هەیە کە ئاماژەی پێدراوە لە نۆتەی گۆرانیەکە .

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە حەوت بڕگەییە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (دڵداری)ە.

## ١٠.لەبەر نازی چاوبازان

لەبەر نازی چاوبازان

خواردن و خەوم خوێناوە

بەتیری تیر ئەندازان

چیبکەم جەرگم براوە

ئاواز:فۆلکلۆر

هۆنراوە:وەفایی

وتنی/ صلاح محمد

کۆیە/ ٢٠٢٣/١/٢

.....................................

هاتم بەبۆنەی خاڵت

تووشی داوی زوڵفت بووم

تەیرێکی نابەڵەد بووم

نەمزانی دانەو داوە

.....................................

با شەو بڕوا سەحەر بێ

باخی گوڵان بەبەر بێ

گەرتۆ مەیلت لەسەر بێ

کافر ئیسلامی ناوە


.....................................

نۆتەی گۆرانی



## مەقامی عەجەم  (٢ ٤ ٤ ٤ ٢ ٤ ٤)

ئەم مەقامە وێنەکراوە لەسەر پلەی (نەوا) ، لە سەرچوون پێکدێت لە دوو ڕەگەزی سەرەکی (ڕەگەزی عەجەم) لەسەر پلەی نەوا ، لەگەڵ (ڕەگەزی عەجەم ) لەسە پلەی محیر.




## شیکردنەوەی گۆرانی (لەبەر نازی چاو بازان)

### ١- تەوەری ڕیتم

آ- ڕیتمی  ڕۆین(فۆکس)

ب- کێش:  $\frac{٢}{٤}$


ج- خێرایی: خێرایی ڕێژەیی میترۆنۆم (یەک نوارِ یەکسانە بە ٩٠ یەکەی چرکە mm)

♩ = 90

د– ڕیتمی ناوەوە



ر– فیگەری ڕیتم




### ۲–تەوەری میلۆدی:

آ– پێکهاتەی مۆتیڤ :



ب– بنیاد و شێوازی میلۆدی : لە دوو تێم پێکدێت ، کە بەم شێوەیە ناومان بردوون ( A– B ) هەر تێمێکیان لە چوار باڕ پێکهاتووە

بنیادی ڕستەکانیش لە ڕووی کاراییەوە بریتین لە (مۆتێڤ کە مازوڕەکان ٤،٣،٢،١ دەگرێتەوە + سکوێنس لە تێمی (B) + قفڵبوون لە مازوڕەی کۆتایی.



ج- بەرزی و نزمی دەنگ (Pich)
١-دەنگی دەست پێکردن (B٢)
٢- دەنگی کۆتایی (G٢)
٣- بەرزترین دەنگ (C٢)
٤- نزمترین دەنگ (E)

د- پێکهاتەی میانەکان
١-میانەی یونیسون = ٧
٢- میانەی دوانی سەرچوون = ٩
٣- میانەی دوانی خوارچوون = ١٥
٤-میانەی سیانی سەرچوون=٢

**٣-تەوەری چڕین**

آ- بەکارهێنانی نەخش(ئۆرنەمێنت): میلۆدیەکە لە مازوورەی سێیەم (زحف) (Glissando) بەکارهاتووە لە شێوازی چڕینی ئاوازەکە کە دەکەوێتە سەر ووشەی (چـــاو) بە شێوەیەک کە دوو پیتی (چـا) خلیسکاندنی پێدەکرێ بۆ سەر پیتی (و).

ب-بەکارهێنانی ڤیبراتۆ : لە چەند شوێنێک کراوە لە مازورەی سێیەم وشەی (بازان) بڕگەی (بـــا) لە ناو (چوار نۆتەی دەبڵ کرۆش) یاری پێدەکرێت ، وە لە مازورەی حەوتەم ووشەی (خوێناوە) بڕگەی (خـوێـ ) وە بڕگەی (نـــا) هەریەگەیان بە (چوار نۆتەی دەبڵ کرۆش) یاریان پێدەکرێت .

ج- درێژکردنەوەو کورتکردنەوەی دەنگەکان : درێژکردنەوەی لە مازورڕەی سەرەتا دەکرێت لەسەر نۆتەی (سی) بڕگەی (لـــــــە) وە لە کۆتایی تێمی یەکەم نۆتەی (صۆڵ) کە وشەی (بازان) بڕگەی (زان) دەکەوێتە ئەم درێژکردنەوە، وە کۆتایی تێمی دووەمیش بەهەمان شێوە نۆتەی (صۆڵ) درێژدەکرێتەوە کە وشەی (خوێناوە) بڕگەی (وە) درێژدەبێتەوە.

د- شوێنی هەناسە: لە هەر تێمێک لە دوای دوو مازورڕە شوێنی هەناسەدان هەی ، ئاماژەی پێدراوە.

## شیکردنەوەی تێکست

آ- تێکستی ئەم گۆرانییە حەوت بڕگەیی کێشدارە.

ب-جۆری تێکست : گۆرانی (بوک گواستنەوە).

## بەشی چوارەم

- ئەنجام
- دەرئەنجام
- پێشنیار
- ڕاسپاردە
- سەرچاوە
- پاشکۆ

# ئەنجام

١.دەشتی کۆیە خاوەنی گەنجینەیەکی گۆرانی و میلۆدی و تێکستی فۆلکلۆری تایبەت بەخۆیەتی.

٢.گۆرانیبێژانی کۆنی دەشتی کۆیەگەنجینەیەکی دەوڵەمەندی گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردیان لە دوای خۆیان جێهێشتووە،کە دەماودەم گوازراونەتەوە.

٣.بەشێک لەم گۆرانیە کەلەپوریانە لەلایەن چەند کەسانێک ماونەتەوەو پارێزراون،کە توێژەر توانی لە ڕێگەی گەڕانی مەیدانی بیان دۆزێتەوەو سودیان لێ ببینێت.

٤.گرنگی نەدانی لایەنە پایوەندیدارەکانی هونەری لە بڵاوکردنەوەو بە ئەرشیفکردن و کۆکردنەوەو شیکردنەوەی ئەو گۆرانیە فۆلکلۆریانە.

٥.ئەوگۆرانیە فۆلکلۆریانە لە ناوچەی کۆیە زۆر وتراون و زیاتر مۆرکی دەشتی کۆیەیان پێوە دیارە لەڕووی ئەداو تێکست ومیلۆدی.

٦.ئەوگۆرانیبێژانەی ئەوکات گۆرانیان گوتووە وەک پێشەنگ وابوون لە گوتنی گۆرانی بۆکەسانی دوای خۆیان و بۆ ئەوکاتیش.

٧.لەکاتی توێژینەوەکەدا بۆمان دەکەوت کە ئامێری موزیکی زۆرکەم بەکار هاتووە لە کاتی گوتنی گۆرانیەکان ئەوکاتە.

٨.بەئەرشیفکردن وکۆکردنەوەو شیکردنەوەی کۆمەڵێک گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە.

# دەرئەنجام

لەئەنجامی ئەوتوێژینەوەیەدا توێژەر توانیویەتی چەند گۆرانیەکی کەلەپوری دەشتی کۆیە کۆبکاتەوەو شیان بکاتەوە لەڕووی

١.ڕتم

٢.میلۆدی

٣.تێکست

٤.شێوازی ئەدای گۆرانیەکان

٥.ئۆرنەمێنت

٦.شوێنی هەناسەدان

٧.لایەنی چڕین

لە لایەن ئەو گۆرانیبێژانەی ناوچەکە کە گۆرانیەکانیان گوت،کە تیایدا ئەو گۆرانیانە بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە شیکردنەوەیان بۆ بکرێت لە دەڤەرەکە کە ژمارەیان دە گۆرانیە.

## پێشنیار

١.پێشنیارم بۆ ئەوکەسانەی کە دوای من لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە دەکەن، زیاتر گرنگی بەو لایەنانە بدەن کەمن نەمتوانیوە وەکوپێویست گرنگی پێبدەم.

٢.لەسەر ئەو ئەرشیف و کەسانە کاربکەن کەمن وەکو پێویست دەستم پێیان نەگەیشتووە،کە گەنجینەیەکی هونەری کەلەپوریان لایە.

٣.هیوادارم توێژینەوەکە ببێتە ئەشیف و سەرچاوەیەک بۆ ئەو فێرخواز یان کەسانەی کە دوای من دەیانەوێ کارلەسەر گۆرانی کەلەپوری دەشتی کۆیە بکەن.

## ڕاسپاردە

توێژەر لەژێر ڕۆشنایی توێژینەوەکەیدا ئەم ڕاسپاردانە دەخاتە ڕوو:

١.داواکارم لە شارەزایانی بواری موزیک،موزیک ژەنانی شاری کۆیە بەتایبەت،هەوڵی کۆکردنەوەو چاپکردنی ئەوگۆرانیە کەلەپوریانەی دەشتی کۆیە بدەن،لەدوتوێی کتێبێک بەشێوەیەکی زانستی کاریان لەسەربکرێت.

٢.داواکارم لە لایەنە پەیوەندیدارە هونەریەکان،وەزارەتی ڕۆشنبیری،پەیمانگەی هونەرەجوانەکان،کۆلێژی هونەرەجوانەکان،زیاتر گرنگی بە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی گۆرانیە کەلەپوریەکان بدەن،وەزارەتی رۆشنبیری دەستی ئەوکەسانە بگرێت کەلەم بوارەدا کاردەکەن و خولیایان هەیە.

## سەرچاوەکان

١- مقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لە تەرازووی ڕەسەنایەتیدا ، شارەزا, کەریم، ٢٠١٠ ( ل ٩ ) .
٢- مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە, ئەحمەد, وریا ، ( ٢٠٢٠ ) ( ل ٥ ، ٦) .
٣- شانۆ و دراما لە وراتی کۆیە, ئەحمەد, کەیفی ، ٢٠٢١ ( ل ١٦١ ، ١٦٢ ) .
٤- کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا ، گەڕان بەدوای ناسنامەی شارێک ، لەشکری, حەیدەر ( ل ١٧ ) ژمارەی بڵاوکراوە ( ١٨ ، ٢٠١٩ )
٥- گوڵی سەربەستی بەشی یەکەم شارەزا کەریم ( ل ٧ ، ٨ ) چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری .
٦- کۆیە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسی ، کۆمەڵایەتی فەتحوڵا, جەمال, ٢٠٠٦ (لا ١٣٤ )
٧- کۆیە لە ڕەوتی شارستانیدا . شارەزا, کەریم .
٨- تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە ، باکوری ، ٢٠٠٨ ( ل ٩ ، ١٠ ) .
٩- گۆرانی فۆلکلۆری, محمد اسعد ، وەرگێرانی ئامانج غازی ( ل ١٣ ، ١٤ ) ، ژمارە ( ١٤٢ ) کتێبخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، چاپی یەکەم ( ٢٠١٠ ) .
١٠- حاجی قادری کۆیی ، محمد, مەسعود ، بەشی یەکەم ، چاپی دووەم ، ٢٠١٠ دەزگای ئاراس ل ١٤٦ .
١١- خالید دلێر ، ئەحمەد, وریا ( ٢٠١٥،ل ١٦ ) .
١٢- محمود محمد شێخانی ، دەنگێکی ڕەسەنی ون ، علی, هۆشمەند ( ٢٠١٩،ل ٢٨ ) .
١٣- عوسمان شارباژێری ، گۆرانی فۆلکلۆری ، گۆڤاری پەیژە ، ژمارە ( ٤ ) ، ل ( ٣٧ ) ٢٠١٢ .
١٤- نەورۆز حەسەن ، موزیکی کوردی ، گۆڤاری شاکار ، ژمارە ( ٢٣ ) ، ل ( ١١٠ ) ٢٠٠٥ .
١٥- گۆڤاری کەکۆن ، ( ١٨ ی تشرینی دووەم ) ٢٠١١ ، بەشێک لە وتاری سەید برایم ڕەهبەر ، لە فێستیڤاڵی تایەر تۆفیق لە ( ٢٠ / ١ / ٢٠١١) لە هۆڵی زانکۆی کۆیە (ل ٢) .

**سەرچاوەی ئینتەرنێت:**

١٦- Penws.Krd
١٧- Rwangauraxna.com(هونەر چیە،ئەحمد ڤیان)

١٨- Kurdishhdc.org(مرۆڤ وهونەر،جەمال علی٢٠٢٢)

١٩- Kurdipedia is using cookios.or

٢٠- (ماڵپەڕی ویکیپیدیا ،مێژووی شاری کۆیە،فەتحوڵاجەمال)


**چاوپێکەوتنەکان:**


٢١- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( ئەحمەد وریا ) ١٢ / ١٢ / ٢٠٢٢ ،هەولێر.

٢٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( محمد صلاح ) ٢ / ١ / ٢٠٢٣ .کۆیە.

٢٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( عزیز جلال ) ٣ / ١ / ٢٠٢٣ .کۆیە.

٢٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند( محمد زاهیر ) ٢٧ / ١٢ / ٢٠٢٢ .هەولێر.

٢٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( مولود دەوەن ) ٦ / ١ / ٢٠٢٣،کۆیە.

٢٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( عبدولرەزاق سەفین ) ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٢ ،کۆیە.

٢٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( ئیسماعیل ئارەزوو ) ٥ / ١ / ٢٠٢٣ ،کۆیە.

٢٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( ئیسماعیل پۆلا ) ٢ / ١ / ٢٠٢٣ ،کۆیە.

٢٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا (عیسا سەخەریا) ١٠ / ٧ / ٢٠٢٢ ،کۆیە،هەرمۆتە.

٣٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( قادر وریا ) ٢ / ١ / ٢٠٢٣ ،کۆیە.

٣١- چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز ( جوامێر جەلال ) ٥ / ١٢ / ٢٠٢٢ ،کۆیە.


٣٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( محمد هەژار ) ٤ / ١ / ٢٠٢٣ ،کۆیە.

٣٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ( زاهیر هۆشمەند ) ٣ / ١ / ٢٠٢٣ ،کۆیە.

# پاشکۆ



**توێژەر لەگەڵ مامۆستا (سەخەریا عیسا) ٢٠٢٢/٧/١٠ کۆیە – هەرمۆتە**



**توێژەر لەگەڵ مامۆستا (گەوریل شەعیا) ٢٠٢٣/٧/١٤ - کۆیە**




**توێژەر لەگەڵ خاتوو (شیرین سولاقە) ٢٠٢٢/٧/١٧ – کۆیە – هەرمۆتە**



**توێژەر لەگەڵ بەڕێز (هۆرمز عیسا) ٢٠٢٢/٧/٢١ – کۆیە**



**توێژەر لەگەڵ بەڕێز (جەمیل وسو) ٢٠٢٢/١٢/٥ – کۆیە – گوندی مام قلنج**



**توێژەر لەگەڵ هونەرمەند (صلاح محمد) ٢٠٢٣/١/٢ – کۆیە**



**توێژەر لەگەڵ مامۆستا (وریا قادر ) ٢٠٢٣/١/٢ - کۆیە**



**توێژەر لەگەڵ مامۆستا (پۆلا اسماعیل) ٢٠٢٣/١/٢ – کۆیە**



**توێژەر لەگەڵ هونەرمەند (هۆشمەند زاهیر) ٢٠٢٣/١/٣ – کۆیە**



**توێژەر لەگەڵ مامۆستا ( دەوەن مەولود) ٢٠٢٣/١/٦ – کۆیە.**